شانۆی ژوور.. زاهیر عەبدوڵڵا

بە گوترەی ئینسکلۆپیدیای نیشتیمانی، شانۆی ژوور chamber play بریتیە لە شانۆیەکی بچووک، کەشانۆی تێدا نمایش بکرێت، شانۆیەکە لە ئێکتەری کەم پێک هاتووە و هەروەها بینەرێکی کەم بەشداری بینینی نمایشەکە دەکەن. دیکۆرێکی زۆر کەمی هەیە، ئەم جۆرە شانۆیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە سوید و ئەڵمانیا پەیدابوو.
بە کورتی ئەمە بە واتایی، ژمارەی ئێکتەرەکان کەمن کە ناتوانن/ هەڵبژارنی شوێنێکی بچوک بۆ نمایش یان چالاکیەکە هونەرییەکە/ هیچ دیکۆر و سینۆگرافیایەک و تەکنیکێکی زۆر بەکار نایەت/ فۆکەس لە سەر دەق و پەیوەندی بینەرو ئێکتەرە/ لەسەر بناغەی دیالۆگ و هەست و سۆزە جیاوازەکان بنیات نراوە.
لەم پێناسەیەدا بەمان دەردەکەوێت کە شانۆی ژووە دیقەتی قوڵی لەسەر مرۆڤ، مرۆڤ لە ناوەندایە، نێک دەنگ، ڕووناکی و کاریگەریە سەرنج ڕاکێشەکانی سەر تەختەی شانۆ.
ئینسایکلۆپیدیای ئازادیش بەم شێوەیە پێناسەی شانۆ ژوور دەکات : شانۆی ژوور، شێوازێکە بۆ گونجاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەگەڵ شانۆ بە بەکارهێنانی زۆرترین ڕێژەی دەقی ڕەسەنی بەرهەمەکە و لەو شوێنە بچوکەی بۆی پێشنیارکراوە.
زاراوەی شانۆی ژوور لە ڕووی مێژوویەوە لە میتافۆری مۆسیقای ژوورەوە هاتووە کە تیایدا ئینسترومێنتێکی بچووک لە ژوورێکدا پرۆڤیان دەکرد، پەیوەندیەکەی هاودەمی و ئەزموونێکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکتر هەبوو ، هەندێک جاریش نمایشی بچوکیان دەکرد، ئەم جۆرە هاودەمی و نزیکیە لە موسیقاوە گواستراوەتەوە بۆ شانۆ بۆ ئەوەی نزیکایەتییەکی هاوشێوە لە نێوان ئێکتەرەکان و بینەردا دروست بکات.
لە هەندێ وەسفی پێناسەی تردا ئینگلیزەکان بە خێیان کردویانە ، دەڵێن شانۆی ژوور ڕەگایەکە بۆ گونجاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەگەڵ شانۆدا. بە شێوەیەکی تر شیاکاری بەکەین واتە بەشێکی زۆری دەقە ڕەسەنەکەی نووسەر ماوەتەوە کە نووسیوێتی. واتای ژمارەیەکی کەمی ئێکتەر و نزیکی لە بینەر ئەبێتە هۆی کە ئێکتەر یان گۆڕەوە دەبێتە بەشێک لە ڕووداوەکان (پلۆت). ئەگەر بە شێوەیەکی تر شیاکاری بە ئەم پێناسەیە بکەین واتە بەشێکی زۆری دەقە ڕەسەنەکە نووسراوەکەی نووسەر ماوەتەوە. کاتێکیش تەرکیز لەسەر دەق و پەیوەندیەکانە، ئێکتەریش لە بینەر نزیک دەبێتەوە و هاودەمیەک دروست دەبێت، لەم حاڵەتدایە دیالۆگەکان و هەست و سۆزە

جراوجۆرەکان دەبنە ناوەند. ئینتیما کردارەکی چ و سەرنج قوڵەکەیەتی.
ئەم فۆرمە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا، بە کاریگەرییەکانی دیداکتیکی شانۆ و تیاتری هونەرە نمایشییەکان، کە گەڕانەوە دەبێتە بەشێک لە نمایشی شانۆیی. لە هەندێک وڵات بە نموونە ئەمریکا لە پراکتیکدا زاراوەی شانۆی ژوور وەک مۆدێلێکی فەستیڤاڵ/ بەرهەمهێنان بە نمایشکردنی دەقە کلاسیکییەکان بە شێوەیەکی کڵسی و هاودەمی و ئینتیمی و بینەری بەشدار بەکاردەهێنن، بە گرنگیدان بە چیرۆک گێڕانەوە لە نزیک بینەرەوە، نەک کاریگەرییە گەورەکانی شانۆ دەوڵەتیە گەورەکان.

مینیمالیسم (Minimalist)
لە مۆزووی ئەدەبیات و هونەر، زۆر شێواز و ڕەنگ و میتۆدی جیا هەن کە هەریەکەیان هەوڵی خۆیان هەیە بۆ تێگەیشتن و پیشاندانی مرۆڤ و جیهان. یەکێک لە ئەو شێوازانەی کە لە سەدەی بیستەوە زۆر گرنگی پێدراوە، مینیمالیسمە، ئەم شێوازە بە شێوەیەکی دیار لە ئەدەبیات و شانۆدا دەرکەوت، مینامالیزم هەوڵ دەدات بە کەمترین توخم، قووڵترین واتا بگەیەنێت. مینیمالیسم تەنها فۆرمێکی ڕوکەش نییە، بەڵکو شێوازێکی بیرکردنەوە و بینینی جیهانە و ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە دۆخی مرۆڤ لە سنورێکی دیاریکراو نزیکایەتی و هاودەمیدا. لێرەدا دەتوانین بڵێین:مینیمالیستی واتا سادەکردنەوە تا سنووری پێویست، بە شێوەیەک کە هەموو شتێکی زیاد، ڕازاندنەوەی زۆر، یان وردەکاری ناپێویست لابدرێت.

مینیمالیسم لە ئەدەبیاتدا:
ئەمە نەک تەنها شانۆی مینیمالیزم یان مینیمالیزمان لە شانۆدا هەیە، بەڵکو مینیمالیزم لە ئەدەبیاتیشدا هەیە کە بریتییە لە شێوازی نووسینێک کە تێیدا نووسەر هەوڵ بدات، کەمترین وشە بەکاربهێنێت، بە گەیاندنی قووڵترین واتا. خاسیەتەکانیشی بریتییە لە، بەکارهێنانی ڕستەی کورت و ڕاستەوخۆ، وەسف و ڕازاندنەوە بەشێوەیەکی زۆر کەم هەبێت، نەوتنەوەی وردەکاری زۆر، خوێنەر خۆی واتاکان تەواو دەکات، نووسەر هەموو شتێک ڕوون ناکاتەوە بەڵکو بەشێک لە واتا بەجێدەهێڵێت بۆ خوێنەر. زۆر جار لە ئەدبیاتی مینیمالیزم هەندێک شتی کەم دەوترێت بەڵام هەستەکان زۆر قوڵن.



پەیوەندیی مینیمالیسم بە شانۆی ژوور (Kammarteater)

ئەگەر لە پەناسەی شانۆی ژووردا پە لەوە دابگیرێت کە ژینگەیەکی پێشنیارکراوی مینیمالیستی Minimalist هەبێت ئەی مینیمالیزم چییە؟ لە کورترین پەناسەیدا مەبەست: تەرکیزکردنە لەسەر ئەوەی کە بەها بە ژیان زیاد دەکات و لابردنی ئەوەی تر. لە مانا گشتی و گەورەکەی شانەدا دەتوانینن بڵم شێوەیە ئیز بەندی بکەین. کاتێک دەڵین شانۆی مینیمالیستی، مینیمالیسم لە ئەدەبیات و شانەدا شێوازێکە بە گوتنی زەر شت بە کەمترین تەوخم. شانۆی ژوور خۆی لە بنەڕەتەدا مینیمالیستییە، لەبەر ئەوەی کە شانۆی ژوور:

ـــ شوێنی نیشاندانی بچووکە.

- هەموو وشەیەک بە ڕوونی دەبیستریت
- هەموو زەرگوتنێک زەر زوو بەدیار دەکەوێت

*هەموو قسەیەکی ناپێویست کاریگەری دروست دەکات

ـــ ژمارەی ئەکتەرەکان کەمن.

ـــ دیکەر زەر کەم و سنووردارە.

ـــ نەوانی ئەکتەرو بینەر زەر نزیکە.

*بینەر هەمووی وردەکاری دەنگ ، هەناسە هەموو ئەفەکتێک دەبیستێت

لەبەر ئەمە، شانۆی ژوور پێویستی بە:

ـــ کرداری قوە هەیە

ـــ هەست و سۆز

ـــ زمانەکی چە و مانا دار
ـــ بەدەنگی لە نەوان دیالۆگکاندا، بەدەنگی دەبێت بە بەشێک لە نمایشکە.
ـــــ لە مینیمالیستیەکەی شانۆی ژووردا هەموو جووڵەیەک مانادارە.
لە شانۆنامەکانی ستریندبێرگ کە تایبەتە بە شانۆی ژوور، تۆژینەوەیەکی دەروون شیکاریە لە نمایشکانیدا.
لای تادیەس ئەزۆچی پێلانی پیشاندانی هەستەکانی دوای جەنگ.(١)
مینیمالیسم لێرەدا دەبێت بە ئامرازێک بۆ تۆژینەوەی دەروونی کاراکتەر وپیشاندانی پارچە تیکشکێنراوەکانی مرۆڤ.
ـــ بەکارهێنانی کەمترین توخم.
ـــ سادەیی لە شێوە، زمان.
ـــــ گرنگی دان بە ناوەڕۆک نەک ڕازاندنەوەی دیکۆر و سینۆگرافیا و جل و بەرگ
ـــ ژمارەی ئەکتەرکان کەم.
ـــ دیکۆر زۆر سادەیە (هێندەجار تەنها کورسیەک)
ـــ زمان کورت و ڕاستەوخۆیە.
ـــ بەدەنگی و وەستان (صمت) گرنگن.
ـــ سەرنج لەسەر دەخی دەروونی و بیرکردنەوەی کاراکتەرە.
ـــــ هەموو شتێک بۆ ئەوەیە بینەر بیر بکاتەوە، نە بۆ سەرسامکردنی چاو

شانۆی ئەبسورد:
شانۆی ئەبسورد وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ سیستەمی بۆها فیکری و جوانیناسییەکان و کە لە دوای دەرئەنجامە کارەساتبارەکانی دووجەنگی جیهانی لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا، لە پاڵیدا چەمکی شانۆی ژوور وەک شێوەشێک و هەوڵێکی نوێ و ڕۆژ (جددی) بوو بۆ گۆڕین و پەرەپێدانی چەمکی نەریتی شانۆ. کە دەکرێت بڵێن لە سەدەی بیستەمدا زیاتر ئەم چەمک و زاروەیە سەریهەڵدا. شانۆی ئەبسورد بزووتنەوەیەکی دراماتیکیی و ژانرێکی شانۆیی دوای جەنگی جیهانی دووهەمە کە لە ساڵانی (چلەکان- شەستەکان) کە لە ڕۆگەی دیمەن و گرێی نالۆژیکی و دیالۆگی بەمانا و کارەکتەرەکانی گیریخواردوو لە بارودۆخی بەهودەیدا، بەمانایی و ئاژاوەگێڕیەکانی بوونی مرۆڤ نیشان دەدات، ژانرێکی شانۆییە کە بەدواداچوون بۆ بوونگەرایی و بارودۆخی مرۆڤ دەکات. لەو بیرەکە و بیر و باوەڕە دەکەوێتەوە، کە

ژیان یان ئامانج بۆ خۆی مانایەکی سروشتی نییە. زۆر جار بۆرۆپشچونی دیمەنەکان و کارەکتەرەکان شوێن و ئاراستە واقعییەکان دەتدەکاتەوە. هەندێک جاریش لەو شوێنە کەتایی دێت کە دەستی پێکردووە. ئەمیان بەکت لە شانۆیی بەدەم چاوەوانی گەدەوە ئاماژەی پێ دەدات. جەخت لەسەر بەهودەییەکی دەکاتەوە، هەندێک جار وشەی کلیشە و دووبارە بەکار دەهێنێت کە ئاماژەیە بۆ شوێن و سوانەوەیان لە نائومێدی.
لە شانۆی ئابسورددا، زۆرجار بەستراوەتەوە بە بیرەکەکانی بوونگرایییەوە، بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی ئەلبێرت کامەدا. ئەم فۆرمەی شانۆ، ژیان وەک بەمانا و نالۆژیکی و دووبارەبوو نیشان دەدات. لەبەر ئەوە هەوداوەکان چارەسەری هەونیان نییە. کارەکتەرەکان ناتوانن بە تەواوی لە یەکتری تێبگەن. زمان توانا و ئۆرکی خۆی لەدەست دەدات بۆ دروستکردنی پەیوەندی هاستەقینە.

شانۆنامەنووسانی وەک ساموێل بەکێت، یوجین ئیۆنسکۆ و جان جینێت بە نوێنەری ناوەندی ئەم نۆرێتە شانۆییە دادەنرێت.
ئەبسورد تیشک دەخاتە سەر تەکچوننی پەیوەندیەکان، کە ئەم خاڵیان مرۆژک زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە لە تەکستەکانیدا. یەکێک لە تەوەرە گرنگەکان تەوەری بوونە، کە سەرنج دەخاتە سەر گۆشەگیری و بێهودەیی و ململانێ بۆ دەزینەوەی مانا. ئەم تەوژمە کاریگەری لەسەر شانۆی ئەزموونی هەبووە. نووسەرانی سەرەتای ئەم تەوژمە پێش ئەوە نووسەرێکی شانۆیی یان ئەدەبی بن، فەیلەسوف بوون. شانۆ کورترین و باشترین هەگبا بوو بۆ گوزارشت کردن لە خەیاڵ و فکر و ئەندێشەکانیان، کە وای لە بینەرانی کرد کە واقیع و هونەری نۆرێتی بخەنە ژێر پرسیارەوە، کە بەدواداچوون بۆ بوونگرایی و بارودۆخی مرۆق دەکات
مینیمالیسم و ئابسوردیسم.
هەرچەندە مینیمالیسم و ئابسوردیسم هەردووکیان لە سەدەی بیستەمدا بەاوبوونەوە، بەڵام بیرەکە و ئامانجیان جیاوازە.
مینیمالیسم هەوڵ دەدات مانا بسەلمێنێت، بەڵام بەکەمترین شێوە، لە دیالۆگ و دوورکەوتنەوە لە وەسف، دوورکەوتنەوە لە زیادە هەوی. لەبەرامبەردا ئابسوردیسم جیهان و ژیان وەک شتێکی بەمانا، بە لۆژیک پێشان دەدات.
و هەوداوەکان دووبارە دەبنەوە بەبێ گەیان. هەندێك جاریش زۆر قسە کردن بۆ پیشاندانی بێ مانایەتی ژیانە. جووڵە و کردار لە شانۆی ئەبسورددا زۆر جار دووبارە دەبنەوە و ئەنجامیان نییە. بەدەنگی، وەک توخمێکی مینیمالیستی دەبێت بە بەشێکی گرنگ لە شانۆکەدا. لە

مینیمالیزم و ئەبسوردیسمدا بەدەنگی ئەو شتانەوە دەچێت کە زمان ناتوانێت بیڵێت.
دیکەر هەم لە شانۆی ئەبسورددا هەم لە مینیمالیزمدا زۆر سادەیە. بە نموونە لە فەزای شانۆکەدا، شتەکان کەم دەبێتەوە، بەنموونە پیشاندانی دارێک یان کورسییەک ئەوە جیهانێکی بچکۆلە و بە شوێن پیشان دەدات. ئەم مینیمالیسمە یارمەتیدەرە بۆ گواستنەوەی سەرنجی بینەر بۆ ناو هەست و بیرکردنەوە.
زمانیش لە شانۆی ئەبسورددا بە شێوەی مینیمالیستی بەکاردێت، گفتوگۆکان، کورتن و زۆرجاردووبارە دەبنەوە و واتای ئاشکرایان نییە، ناتوانن پەیوەندییەکی ڕاستەقینە دروست بکەن. لە شانۆیی بەدەم چاوڕوانی گۆدۆی بێکێتەوە، زمان دەبێت بە نیشانەی شکستی پەیوەندیی مرۆڤ. لێرەدا، مینیمالیسمی زمان واتا کەم قسە نییە بە مانا، بەڵکو قسەی کەم مانایە بۆ نیشاندانی بێمانایی.
هەرچەندە، ئەبسوردیزم و مینیمالیزم هەردووکیان نزیکایەتیکەی زۆریان هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازییەکی تەواو ڕوونیشیان هەیە، چونکە، مینیمالیزیزم پەیوەندی بەوەوە هەیە چۆن دەنووسرێت، چۆن کار دەکرێت، دەتوانین بڵێین شێوازە.
بەڵام ئەبسوردیزم پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چۆ دەوترێت واتە، ناوەڕۆک و فەلسەفەیە. ئەو پەیوەندییە تووند و تۆکمەی ئەبسورد و مینامالیزم کە پێکەوە گرێیان دەداتەوە ئەوەیە کە شانۆیەکی ئەبسورد ئەوەیە کە زۆر جار شانۆی ئەبسورد بە شێوازی مینیمالیستی نووسراوە. شێوازی نووسین مینیمالیستیە. بەڵام هەموو مینیمالیسمێک ئەبسورد نییە، و هەموو ئەبسوردێکیش پێویست ناکات مینیمالیستی بێت.

دەرئەنجام: شانۆی ژوور پێویستی بە زمانێکی کەم، قووڵیی دەروونی، و هەست وبەدەنگی هەیە، چونکە دراماکە لەسەر ڕازاندنەوەی ڕووکاری دەرەوە دانامەزرێت، بەڵکو لەسەر ژیانی ناوخۆی مرۆڤ و نزیکبوونی تونڈی نێوان ئێکتەر و بینەر دادەمەزرێت. مینیمالیسم شێوازێکە کە مرۆڤ ناچار دەکات بە وردبینی، بە گوێگرتن لە بەدەنگی و بە تێگەیشتن لە شتانی نێنوسراو و نێوتراو.
(١) تادەوس ڕۆزەڤیچ (9211 Tadeusz Różewicz ــ 2014) یەکێک بوو لە بەناوبانگترین شانۆنامەنووسانی سەدەی بیستەمی پۆڵەندا، بە زمانی مینیمالیستی، ئەدەبی بوونگەرایی دوای جەنگ ناسراوە، ئەزموونکانی شێوەش کاریگەرییان لەسەر تەواوی نووسینکانی هەبووە. ئەو پێی وابوو زمان دوای جەنگ زیانێکی زۆری پێگەیشتووە و چیتر ناتوانێت هەڵگری ئایدیالی گەورە بێت

(٢) ئۆگوست ستریندبەرگ (August Strindberg (1849–1912 لە سوید لەدایک بووە، یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین شانووسانی ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم. یەکێک لەو نووسەرانەیە کە بەردەوام شێوازی نووسینی خۆی دەگۆڕی، لە شاڵی ١٩٠٧ چوار تێکستی بە شانۆی ژوور نووسی لە ساڵانی ١٩٠٧ تا ١٩١٠ . پرسی مرۆڤ، پەیوەندی ژن و پیاوکێشە دەروونیاکان لە بەرهەمکانیدا جێنگ دەداتەوە.

زاهیر عەبدوڵا

دەربارەی ڤێکخراوی "یەکێتیی بێکاران" (گفتوگۆ لەگەڵ نەوزاد مەدحەت (گۆران عەبدوڵا)

ئامادەکردنی: سالار ڕەشید

: ئەم گفتوگۆیە لە کتێبی
مۆژوویەک لە یادەوەریدا (دیدار سەبارەت بە مۆژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا)
بڵاوکراوەتەوە .....

" یەکێتیی بێکاران لە کوردستان " یەکێک بوو لەو ڤێکخراوە جەماوەرییانەی دەیەی نەوەتی سەدەی ڕابردوو، کە بە دەسپێشکەریی ئەفرادی کۆمۆنیستیی هاتە دامەزراندن و سەرباری هەر کەموکوڕییەک کە هەیبووبێ، خاوەن کێش و قورسایییەکی بەرچاو بوو لە کۆمەڵگای کوردستاندا و خاوەنی 20000 ئەندام بوو. ئەم ڤێکخراوە تەنانەت لە هاوکێشەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانیشدا جێگای هەوڵستە و لەسەر وەستان بووە و لە ئاستی باڵای ئەو حیزبانەدا قسە و باس لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا و چۆنیەتی پیلان دانان لەدژی بووە بە مەسەلە.
بۆ تاووتێکردنی ئەم ڤێکخراوە، گفتوگۆیەکی هەمە لایەنە لەگەڵ یەکێک لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی ئەم ڤێکخراوە "نەوزاد مەدحەت" ساز

ئەکەین.

پرسیار: لە چاوپێکەوتنی هاوڕێیانێکی ئاگادار لەم ڕێکخراوە، باسی ئەوە کراوە، کە ناوکی سەرتایی "یەکێتیی بزکاران" لە شاری هەولێر لە یەکەمین کۆبوونەوە لە باخچەی گەشتیاری 30. 06. 1992 دروست بووە، کە نزیکەی 50 کەسێک تێیدا بەشدار بووە. واتە، ئەو مژووە بە بڕیاری دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە دەدرێتە قەڵەم. بەڵام ئەوەندەی تۆ ئاگادار بیت، پێش ئەوەی ئەم کۆمەڵە خەڵکە لە گەشتیاری دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە کۆ ببنەوە، بیرکەی ئەم کارە چۆن چەکەرەی کرد و کێ بوون ئەوانەی ئەم کۆمەڵە خەڵکەی بۆ ئەو کۆبوونەوەیە ئاگادار کردەوە؟

وەڵام:

من بەدیاریکراوی نازانم پێش ٣٠/٦/١٩٩٢ چەند گروپ و کۆسایەتی لەبارەی دروستکردنی وەها ڕێکخراوەیەک قسەیەکیان هەبووبێت یان لەو بارەوە کارێکیان ئەنجام دابێت.من بە خۆم لە ڕێی هاوڕێیەکەوە ئاگادارکرامەوە کەوا بیارە کۆبونەوەیەکی کراوە سەبارەت بە دیاردەی بزکاری ببەستراێت لە باخی گەشتیاری شاری هەولێر.
بەڵام دەنیام لەوەی دروستکردنی هەر ڕێکخراوێک ، گروپێک، حزبێک یان هەر کارێکی تری بە کۆمەڵ، خەڵکانێک هەبوونە ئاگەر خاوەن بیرکەکەش نەبوبن، بەڵام سەرتایێک بوونە بە گەیاندنی ئەو بیرکەیە، خەڵکیان کۆکردەتەوە ، شۆڕشگیان دیاری کردووەو... تاد. سەبارەت بە مژووی ٣٠/٦ و کارکانی پێش ئەو مژووە، وەکوو کۆشێک لە ئامادەکردنی یەکەمین ڕاپەرتی یەکێتی بزکارانی هەولێر کە بە یەکەمین کۆبونەوەی گشتی ڕێکخراوەکە ١ ئامادەکرابوو . لەنووسینەوەی ئەو ڕاپەرتدا کاک عەبدوڵا سلێمان ئاماژەی بەوە دابوو کەوا ئەوو چەند کەسانێکیتر خاوەنی بیرکەی وەها ڕێکخراویك بوون.هەروەها ٢/٦/١٩٩٢ وەکوو دەستپێکی ئەو کارە نیشان کردبوو، بەڵام لیژنەی باڵای یەکێتی بزکاران بە زەربەی دەنگ ٣٠/٦/١٩٩٢ بە ڕەژی دامەزراندنی یەکێتیی بزکارانی هەولێر دایە قەڵەم. بەیە تەئکید لە پاشناوی هەولێر دەکەمەوە چوونکە تا ئەو کاتە هیچ ڕێکخراوێکی تری بزکاران لە کوردستان دروست نەبوبو. من بە خۆم بروام بەوە نییە قسەو کارە لاوکیێکانی خۆمان بکەینە بار بەسەر شانی مژووەوە، ئەکرێت هەموو کەسێک لەو بارەوە یادەوەری و کارکانی خۆی بنوسێتەوە ، بەڵام ئەوانە نابنە مژووی بزوتنەوەکە، چوونکە دەنیام کاری ترو کەسانی تریش هەبوونە قسەیێک یان کارکیان

کردبێت لەو بارەوە.

پرسیار: یەکێتی بەکاران لە کوردستان کەی و چۆن پێکهات؟

وەڵام:

پاش دروست بوونی یەکێتی بەکارانی هەولێر، لە سلێمانیش هەوڵەکان بەردەوام بوون بۆ دروست بونی وەها ڕێکخراوێک، ئەوەبوو لە ٦/١١/١٩٩٢ بەیانی دروست بونی یەکێتی بەکارانی سلێمانی بەاوکرایەوە. هەردوو یەکێتیکە پێوەندی تووند تێ و بەردەوام لە نێوانماندا هەبوو.
پاش گەشتن بەو بروایەی کە دەبێت هەردوو یەکێتیکە لە ڕێکخراوێکی سەرتاسەری ڕێکبخرێت، لیژنەی باڵای یەکێتی بەکارانی سلێمانی کە پێک هاتبوون لەم بەڕێزانە (حاجی ئەنوەر، ئەنوەرساڵح ، ئەکرەم چاوشین،وەستا سابیر و دیدار) سەردانی هەولێریان کرد و لەگەڵ لیژنەی باڵای یەکێتی بەکارانی هەولێر کۆبونەوە کە پێکهاتبوون لەم کەسانە(جەمال چاوشین، عەبدوڵا سلێمان، عەبدولڕەحمان مەولود، گەران عەبدوڵا ،وەستا محەمەد،سالار سەفی،سیروان عەلی،یوسف بەکر، جاسم محەمەد) پاش سێ ڕۆژ لە گفتوگۆکردن لەسەر میکانیزم و چۆنیەتی سەرتاسەری بونەوەی ڕێکخراوەکەو کارەکانی، ئەوەبوو لە ٦/١/١٩٩٣ بە هەڵبژاردنی ٩ ئەندام بۆ لیژنەی باڵا، یەکێتی بەکاران لە کوردستان پێکهات و لە ١٠/١/١٩٩٣ ڕاگەیاندنەکە بەاو کرایەوە.

پرسیار: ئەوەندەی من بزانم، بنیاتنانی ئەم ڕێکخراوە نەخشە و پڕۆژەی هیچ سازمان گرووهێکی چەپ و کۆمۆنیستی ئەو دەمە نەبوو، بەڵام دواتر هەر یەکە لەوانە لە هەوڵی ئەوەدا بوو، کە نفووزی خۆی لەنێویدا پەرە پێ بدات و بەجۆرێک کاریگەریی لەسەر دابنێ کە خۆی مەبەستێتی. ڕا و بۆچوونی تۆ لەم ڕووە چییە؟

وەڵام:
گروپ و ڕێکخراوە چەپەکان وەکوو ڕێکخراو لە سەیرکرێک زیاتر نەبوون لە سەرەتادا، وەخاوەنی هیچ پڕۆژەو پلانێکیش نەبوون لەو بارەوە، تەنانەت هەندێک لە کەسایەتییە باڵاکانی ئەو گروپانە پێیان وابوو ئەوەی دێکرێت هەزوکات بە فیڕ دانێ، چونکە کەسی بەکار بەو پێیەی خاوەنی کارێک نییەو کاتەتە دەرەوەی پرۆسەکانی بەرهەمهێنانەوە بۆیە هەزکی بەکاریگەر و پرشو بڵاون لە کۆمەڵگەدا.
وەکوو تاکی سەربەخۆ لەهەموو گروپە چەپو کۆمۆنیستەکان بەشداریان هەبوو. بەتایبەت ڕووتی کۆمۆنیست کەلەو سەردەمەدا خاوەنی تێشکیلاتی

عەلەنی خۆی بوو. ئەو کاتەی رێکخراوەکە گۆشەی کردوو بوبەهۆزەکی دیارو بەرچاو لە کوردستاندا، ئیتر بوبە جێگای ساغکردنەوەی هەموو ئەو تیۆرو قسەو باسانەی کە سااڵنێک بوو کرابوون، یان لە کتێبەکان خوێندرابوونەوە، ئەوە سەرباری گواستنەوەی مەحفەلیزم بە ناو رێکخراوەکە. بە کورتەکەی بووبە حەقلی تەجروبەی بە تەجروبەکان.

پرسیار: ئایەک هەیە، پێی وایە، هاتنەکایەوەی ئەم ڕێکخراوە بەرهەمی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی کرێکارانی بێکار نەبووە. هەنگە ئەم بڕچوونە سەرەنجام بەوە بگات، کە پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە زەمینەی بابەتیی نەبووە! ئایا تێش هەمان بڕچوونت هەیە، وەیان پێت وایە زەمینەی بابەتیی بە پەیدابوونی ئەو ڕێکخراوە لە ئارادا بووە و ئەوە ئەسڵە کە کێشەیەک لەئارادا بووە یان نا، تەنانەت ئەگەر ئەو کێشەیە نەگەییشتبێتە ئاستی بزووتنەوەیەکی بەرچاو و هەستپێکراویش؟

وەڵام:
ئەو ڕاستێ یەکێتی بێکاران لە ئەنجامی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بێکارییەوە کە خاوەنی دێیان خەپیشاندان وناڕازایەتی جۆراو جۆر بوبێت نەهاتە بوون، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو دەڵێم دروستترین و جوانترین بریارێک کە مارکسیستە نوێیەکانی کوردستان دابێتیان لە پێوەندبە زیندوترین و بەرچاوترین کێشکانی کەمەڵگەی کوردستانەوە، دوو بریار بووە کە بە کرداریش چوونە پشتی، یەک کێشەی کوشتنی بەلەشاوی ژنان بوو، دوو کێشەی بێکاریبوو . دەکرێت وەک دوو خاڵی پرشنگدار لە مێژووی مارکسیکانی کوردستان تەماربکرێت.
بێکاری تا ئێوپاری دەرەقی خۆی دەستی نابووە بیناقای زربەی خەڵکی کوردستان. کەمەڵگە هەمووی بەسەریەکدا کوتبوو، نەک هەر کارگەکان، زربەی دام و دەزگا خزمەتگوزارێکان یان داخرابوون یان بە چوار پێنج مانگ جارێک مووچە دەدرایە کارمەندکانی. دەسەڵاتی کوردی نەک هەر خەریکی چارەسەرکردنی ئەو ئەزمە قورسە نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لە قوڵکردنەوەی ،چ بە ئاودیووکردنی کارگەو ئامێرکان، چ بەتانبردنی سەروتو سامانی گشتی بە پرکردنی گیرفانی بەرپرسکان و چەکدارکردنی حزبەکانیان.

ئەگەر ئەم لەشکرە لە بێکاران خەی رێک نەخستبوو یان پڕچەکرداری بە کەمەڵی نەبوو، دەبێت ئەوەمان لەبەر چاوبێت کە دێیی هەفتاو هەشتاکان لە عێراقدا نەک هەر سرینەوەی شوێکانی ڕێکخراوبوون بوو

لە دەرەوەی دەسەلات، بەگشتی سرینەوەشی بوو لە عەقڵیەتی بەشرکان. بارودۆخێک سیاسەتی بەعس خوقاندبووی لە نێو خەڵکدا کە هەمیشە وەک و تاک بیر لە چارەسەرو وەڵام بە کێشەکان دەکرایەوە. یەکێتی بەکاران سەرباری ئاوەژوی هاوڕێی خۆی خستبووگر بە چارەسەرکردنی ژیانی بەکاران ، لە لایەکیترەشەوە دەیویست ئاو ئاقڵیەتی نارەکخراوبونە تەک بشکێنێت و وەسیلەیەکی نوێی خەباتکردن بخاتە بەردەستی کەمەگەی کوردستان. هیچ کەسانێکی ئازادیخوازو مرۆڤ دۆست ناتوانێ بێدەنگ و دەستوەستان دابنیشیت لە بەرانبەر مەرگی لەسەرخۆی کەمەگەکەی. ئەمەش لاو بەریبەبووین کە نەمانتوانی بێدەنگبین.

پرسیار: ئەگەر ئامانجی بنەڕەتیی ئەم ڕێکخراوە بریتی بووبێت لە: "کار یان بیمەی بێکاری"، ئایا لەو بار و دۆخەدا کە حکوومەتی بەعس لە کوردستان پاشەکشەی کردبوو، کارگا و کارخانەکان لەکار کەوتبوون، کوردستان دوو جار لەژێر گەمارۆی ئابووریدا بوو، دەسەڵاتێکی دواکەوتوو، یانی، بەرەی کوردستانی ژێرخانی کوردستانی تاڵان و ئاودیو ئەکرد… چەند زەمینەی گونجاو و لەبار بۆ ئەو ئامانجە فەراهەم بوو؟ پاشان دەپرسم: ئەم ڕێکخراوە توانی کارێک بۆ کرێکارانی بێکار بکات؟

وەڵام:
کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری زۆرتر وەک دروشمێکی ستراتیژیانەی بەکاران نمایش دەکرا ، کەئاوە خواستی هەموو کەمەگەیەکی تەندروستە. یەکێتی بەکاران کاری خۆی لە چوار چێوەی ئاو دروشمە قەتیس نەکردبووە. ئەمە بە کەمترین دەسکەوت بۆ بەکاران دەرگای زۆرێک لاو ڕێکخراوە خۆرخوازیانەی دەهاتنە کوردستان دەکوتا، کەم تا زۆرێک دەستکەوتمان هەبوو بە خەڵکی بێکار. بەڵام لە بەرانبەر ئاو هەموو خەڵکەی خۆی ناونوس کردبوو وە چاوەروا نیان هەبوو، دەتوانین بڵێین دەستکەوتکان هیچ نەبوون.
ئەمە بە بە باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی بێکار لە ١٩/٦/١٩٩٣ بریاری خۆپیشاندانمان دا لەسلەمانی وە لە هاولێریش بەڵێخستنی کەبونەوەی نارەزایەتی.

ئاو بانگەوازمان تەواو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی سۆغڵەت کردبوو، هاوڵی خۆپیشاندانکەمان بە شاوێک دەنگی دابووەوە ،ڕۆژنامەی عراق لە ژمارە ٥٢٦٣ لە ١٨/٦ بە سەردێرکی دیار نووسیبوی (سبەی یەکێتی بەکاران دژ بە پارتە بە کرێگیراوکانی ئەمریکا لە

کوردستان خەپیشاندان دەکات) . لە سلەمانی لە رۆژکانی ١٦ و ١٧/٦ دانیشتن لەگەڵ مەبەندی یەکەتی و بەرەی کوردستانی و پارەزگاری سلەمانی کاک جەمال عەبدول کرا ، مەبەند رایگەیاند کە مل بە داواکاری بەکاران نادات، سەرباری فشارەکی زۆر بە سەر ئەندامانی بەکاران ، دەستیەک لە هاورەیانی لیژنەی باڵایان پاش دەرچونیان لای پارەزگاری سلەمانیەوە رفاندبوو،پاش ئەوەی ئاگادار کرابوونەوە کەوا خەپیشاندانەکە ناکرەت ،لە پاش چەند کاتژمەرەک لە گلدانەوە ئازادکرابوون.

لە هەولەریش دەزگای ئاسایش تەواوی شاری چنیبوو چەندین ئەندامی یەکەتەکەمان لە کاتی بەاوبوونەوەی بەیانامەدا لە لایەن ئاسایشەوە دەسگیرکرابوون،لە دانیشتنمان لەگەڵ پارەزگاری هەولەر(کاک عەبدولموهەیمەن بارزانی) من و کاک عەبدولرەحمان وەکوو لیژنەی سەرپەریشتکەر ، پاش ٢ سەعات لە گفتوو گۆ بەیندان لەلایەن پارەزگارەوە، بەوەی ئەگەر گەنم مایەوە لە پاش ئەو ناوانەی کە مەجلیسی وزەرا رەوانی کردووە ئەوە بەەن بەت لە (١ – ٧٠٠٠) بەش بیدەم بە بەکاران، تەنانەت لە قسەکانیدا چەندین جار تەئکیدی دەکردەوە کەوا درە ناکات. دیارە ئامادەیەکی باش هەبوو بە خەپیشاندان، بەڵام بە هەی ئاەزی بارو دەخەکەوە لە دانیشتنەکدا بە ئامادە بوونی ئەم هاورەیانە (شاپور عەبدولقادر ، قابیل عادل ، سیروان عەلی، د.ئەمین ، سەردار حەمید، عەبدوڵا سلەمان، عەبدولرەحمان مەولود و من)بریاری دواخستنی خەپیشاندانەکەمان دا،دیارە پەش ئەمە هاورەیانمان لە شاری سلەمانی ئەو بریارەیان دابوو. رۆژی ١٩/٦ کەمەکی بەرچاو لەو بەکارانەی ئاگاداری دواخستنی خەپیشاندانەکە نەبوبون لای بنکەی بەکاران ئامادە ببون.

لە درۆژەی هەوەدانمان بە چارەسەری کەشەی بەکاری و رەگریەکانی حکومەتی هەرەم لە پەش رەکخراوەکەمان، لیژنەیەکی سێ کەسی کە پەکهاتبوو لە (جەمال چاوشین ، عەبدولرەحمان و من) دانیشتنکمان لەگەڵ کاک کەسرەت رەسوڵ سەرەکی حکومەتی هەرەم لە ٢٣/٧/١٩٩٣ ئەنجام دا ، لەو دانیشتنەدا سێ داواکاریمان خستە بەردەستی کاک کەسرەت ١- وەزیری ناوخە کاک (یونس مەولود ەژ بەیانی) مەەتی هەە گرتنی پەنەدایەن بە یادکردنەوەی یەکەمین ساڵ ەژی یەکەتی بەکاران . سەبارەت بە خاڵی یەکەم، راستەو خە لەبەرچاوی ئەمەدا تەلەفۆنی بە کاک یونس کردو مەەتی هەەکەی بە وەرگرتین. خاڵی دووەم پەیوەست بووە بە قانونی جەمعیاتەوە کە پەیوەند بو بە مەەتپەدانی کاری رۆژنامەو رەکخراوەکانەوە . بە ئەو خاەش دوو

هەزار دینـاری پـەداین بـە وەرگرتنـی مـووچـەت بـە رێژنـامەی دەنگـی بـەکاران . خاڵی سـێیەم کـۆشـی کار پـێیداکردن بـوو بـە بـەکاران . سـەبارەت بـەم خـاڵە بـەڕێنـی گـەرانـەوەی(٢٣٣) کرێکـاری پـەداین بـە سـەرکارەکانیان کـە لـەسـەردەمی بـەعـس بـە بیـانـوی جـەراو جـەر لـەسـەر کارەکانیان دوورخرابونـەوە ،وە دامـەزراندنی ٣٠ بـەکار.(بـەڵام ئـەم بـەڕێنـانە هـەر لـە خانـوی بـەڕێن مانـەوە و نـە چوونـە خانـوی کردارەوە). هـەروەها داوای ئـەوەی لـەکردین کـەوا پـێشنیاری خـەمان لـە مـەر کـۆشـی بـەکـاریـیـەوە پـێشکـەشبکـەیـن، ئـەوەبـوو لـە ١/٩/١٩٩٣ عـەبـدولڕەحمان مـەولـود و مـن یاداشتنامـەیـەکـان ئامـادەکردو لـە دانیشتنـێکـدا بـە بـەشداری هاوڕیـانی سلـەمانی (کاژاو جـەمال و فـەرێیدون حـەمە ساڵح) پـێشکـەشی کاک "کـەسرەت ڕەسوڵ"مان کرد. دیارە زۆری پـێباشبوو وە بـەڕێنـی ئـەوەی دا کـەوا بیخـاتـە بـەردەسـتی مـەجلیسـی وزەرا. بـەڵـام ئـەسـتاشی لـەگـەڵـدابـەت هـەواڵـەکمـان لـەو یـاداشتـە نـەبیسـتـەوە. ئـەم کـارانـەو چـەنـدین پـەرژەی ترمـان خسـتـە بـەر دەسـتی نـەک هـەر دەسـەڵاتدارانی کوردستان ، بـەڵکوو ئـەو ڕێکخراوە خـەڵر خوازییانـەی کـە لـە کوردستان کاریان دەکرد. بـەڵـام ئـەنجامـەکـەی وەڵـام نـەدانـەوەو خـە دزینـەوەبوو لـە داخوازەکانمان.

پرسیار: زۆر جار هەخنە لە سازمان و گرووهەکان، پاشانیش لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەگیرێ، کە دەخاڵەتیان لە کاروباری ئەم ڕێکخراوەدا کردووە! بـە بـۆای تۆ، سازمـان و حیزبەکـان مـافی دەخاڵەتکردنیان نییە؟ ئەگەر نییانە، بۆچی؟ ئەگەر هەیانە، چۆن؟

وەڵـام:
وشـەی دەخـاڵـەت خـەی لـە خـێـدا مانـای هـەـز دەبـەخشـێـت، یـان بـە مانایـەکیتر هـەست بـە وجودی هـەز دەکـەیت لـە پشتیـەوە و خـەشت لـەدەبـەتـە ژمارەیـەکی بـەحیساب. ئـەوە دەسـەاتـە دیکتاتـۆرکانـە بـە مافی خـەیانی دەزانن کـەی و چـۆن بیـانـوی دەخـاڵـەت لـە وردو درشتی کـەڵـەگـە بکـەن. هـەرچـی شتـە بـە عـەقـڵـی بـەشـەرکـانیشـەوە لـە دەرەوەی دەسـتـەوەردانی ئـەوان نـیـە ،دیـارە ئـەوکـارەش لـە ژێـر نـاوی جـەراو جـەردا ئـەنجـام دەدەن، کـەتـایـەکـەشی بـە ڕەبـەتکردنـی کـەڵـەگـەیـە لـە خـزمـەت ستراتیژیـەکی تایبـەتدا.
من بروام بـە هیچ شـێوەیـەک لـە دەخـاڵـەتکردن نـیـە ، ئـەوەش نـەک هـەر بـە ئـەحزاب و گروپـەکان ، تـەنانـەت بـە دەوڵـەتیش. لـەهـەر وڵـاتـەکدا کـە پابـەندی بـنـەماکانی دیموکراسیبـەت بـە خـەی نادات دەخـاڵـەتی کاری ڕێکخراوەکـان بکات،تـەنهـا ئـەو ڕێکخـراوانـەی کـە بـوودجـە لـە دەوڵـەت وەردەگرن ، دەوڵـەت بـەی هـەیـە تـەنها داوای لیستی ئـەو کارانـەی کـە

ئەنجام دروان لەگەڵ چەنیەتی سەرفکردنی بودجەکە. بەی نییە ئەرگان دروست بکات و ئەرگان هەبووشنەتەوە.

من کە ڕەکخراوەیەکی سەربەخۆم بە هیچ لایەنێک نە ڕەوایە و نە مافی ئەوەشی هەیە دەخالەت لە کارکانمان بکات. ئەگەر خەیان بە هاوخەبات و هاوبیر دەزانن، یان هەر نزیکایەتییەکی تری هەیە، دەتوانێت بە شەویەکی ڕەسمی و لە کەناڕەسمکانی خەیەوە کەمک بکات یان پشنیارو بچوونکانی خۆی بگەیەنێت. نەوکوو بەتە ناو ڕەکخراوکەت و لەژەر پەردەی یاریەی دیموکراسکاندا نیارە فیکریەکانی خۆی وەلابنێت. ئەگەر نا ئەوا ئەم ڕەکخراوە قەتیس دەمنەتەوە لە نەوان کەمەی خەڵکی تایبەت و هاوفکردا، لە کەتایشدا بە گوڕەی گەورەو بچوکبونەوەی گروپ و سازمانە سیاسکە ئەمیش گەورەو بچوک دەبەتەوە ، واتە ئەو ئامانجەی بەی دروست بووە لە بنەڕەتدا ، لەدەستی دەدات.

پرسیار: زەر جار باسی سەربەخۆبوونی ڕەکخراوێک ئەکرێت، بە باوەڕی تە سەربەخۆبوونی ڕەکخراوێک دەبە چۆن بێت؟ ئایا دەکرێ بڵێین، "یەکەتیی بەکاران" ڕەکخراوێکی سەربەخۆ بوو؟

وەڵام:
پێم وایە وەڵامی بەشی یەکمی ئەم پرسیارەم لە وەڵامی پرسیاری پێشوتردا داوەتەوە. بەڵام بە وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکە دەڵێم ، یەکەتیی بەکاران ڕەکخراوێکی سەربەخۆبوو لە دەسەڵات و پاشکۆی هیچ حزبێکی سیاسی نەبوو بە شەوەیەکی فەرمی. بەڵام بەو پێیەی کە زەربەی هەسوراوکانی کەسانی مارکسی و چەپ بوون بەیە هەر زوو دەسەڵات و کەمەگە ئەمەیان بە بەشک لە ڕەوتی کەمنیست و پاشان حککع دایە قەڵەم. دیارە دەسەڵات بە مەبەستەوە ئەو کارەی دەکرد، ئەوەش بە مەبەستی دابرانمان لە کەمەگە. ئەمە سەربەخۆبوونی خەمان لە هەموو دەزگایەک پاراستبوو بەڵام نەمانتووانی سەربەخۆیبوونی خەمان لە دەخالەتکانی حککع بە شەوەیەکی ئسوڵی بپارێزین. دیارەئەو بچونەی کە لەپشت دەخالەتکردنی کادرکانی حککع وەستابوو دوو خاڵ بوو:
١- ئەم حزبە خۆی بە حزبی کرێکاران دەزانی، هەر بەیە حەقی مامەستایی بوونی خۆی بەسەر هەموو تەیفکانی تری کەمەگەدا بە ڕەوا دەزانی.
٢- ئەو تەسەورەی کە پێی وابوو ڕەکخراوە کرێکارکان لە دەسەڵاتی بەرژوازی سەربەخۆن نەک لە ئەحزابی کرێکاری.
لە سەنگەی ئەو خاڵانەوە ڕەوایەتی بە خۆی دابوو دەخالەت لە وردو

درشتی کارەکانمان بکات، هەر لە دروستکردنی ئەرگانەکانماندا تا دەگاتە هەڵبژاردنەکان و گەرانی مەراسیمەکان.
دیارە لەلایەکی تریشەوە خودی کەسە ناسراوەکانی ڕەکخراوەکەمان زمانی نووسین و وتاردانمان هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ وتارە سیاسییەکانی حککع.
ئەم بڕە حاڵیبوونە لە سەربەخۆبوون و پایەکانی کاری ڕەکخراوەی جەماوەری ،لەو لاشەوە بەربەست و پلانەکانی دەسەڵات لەبەرانبەرمان و وەڕام نەدانەوە بە داخوازەکانمان، کۆشکانی ناو ڕەکخراوەکەی گەورەتکردەوە، تاگەیاندی بە دوولەت کردنی یەکێتی بەکارانی سلەمانی.

پرسیار: ئەگەر کرێکارێکی بێکاری کارا و دەسەز، ئەگەر بهاتبایە کەمەنیست یان سەر بە یەکێک لە سازمانە کەمەنیستییەکانی ئەو دەمە نەبووایە، نەخشەی لە پشتەوە بۆ دانراو بۆئەوەی دەنگ نەهێنێ و نەتوانێت بچێتە ناو ڕەکخراوەوە، ساز ئەکرا؟

وەڵام:
لە هەوڵەر هیچ کەیسێکی لەو بابەتەمان بۆ نەهاتە پێش، کەس هەبوو هیچ پەیوەندییەکی بە دونیای کەمەنیستییەوە نەبوو کەچی ئەندامی لیژنەی باڵا بوو.

پرسیار: گرفتار و بەاوکراوەکانی "یەکێتیی بێکاران" چی بوون؟ چەند ژمارەی لە دەرچوو؟ نووسەرانی کێ بوون؟ باسە بنەەتییەکانی چی بوون؟ چەن دەنووسرانەوە، بەدەست یان بە چاپ؟ تیراژیان چەند بوو؟ شێوازی بەاوکردنەوەیان چەن بوو؟ ئایا ئەوانە شتێکی وەک ئەرشیف لە ماوەتەوە؟

وەڵام:
یەکێتی بێکارانی هەولێر ڕۆژنامەیەکی مانگانەی هەبوو بەناوی دەنگی بێکاران، یەکەمین ژمارەی لە ئابی ۱۹۹۲ بەاو کرایەوە و لە ژمارە ۷ وە بو بە زمان حاڵی یەکێتی بێکاران لە کوردستان ، ۱۸ ژمارەی لەدەرچوو لەگەڵ چەند پاشکۆیەک. دەستەی نووسەرانی لەسەرەتادا ئەم کەسانە بوون (جەمال چاوشین، عەبدوڵا سلەمان، عەبدولڕحمان مەولود ، جاسم محەمەد و من) . پاش سەرتاسەریبوونەوە هاوڕیانی سلەمانیش بەشداربوون لەو هاوڕیانەی کە لەیادمدا ماون فەرهاد فەرەج ، ئازاد، سلام مارف و چەندان هاوڕی تر ، بەڵام زیاتر وەک نووسین. تایپکردنی هەموو ژمارەکان لەسەر شانی من بوو. وەکوو نووسین زۆربەی هەسوراوانی بێکاران بەشدار دەبوون لە نووسین و

دارشتنی هەواڵدا، دەکرێت لەو بارەوە بە زانیاری زیاتر بگەرێنەوە بۆ ژمارەکانی دەنگی بەکاران.

بڕەو ئایار:
بەناوی کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایارەوە دەرمان دەکرد. لە ١٤/٤/١٩٩٣ یەکەمین ژمارەی دەرچوو، پاشان چەند ژمارەیەکی تریشی بەدوادا هات . دەستەی بڕەوبردنەکەی پێکهاتبوو لەم کەسانە: (یوسف ، سەباح ، گەران). لە نیسانی ١٩٩٤ بەهەمان شێوەی ساڵی رابردوو بڕەو ئایارمان دەرکرد، دەستەی بڕەوبردنەکەی پێکهاتبوو لەم کەسانە:(عەبدولڕەحمان ، سەردار،گەران).

هەواڵنامەی خۆپیشاندان:
لەلایەن یەکێتی بەکارانی سلەمانییەوە دەردەکرا، تایبەت بوو بە خۆپیشاندانی ١٩/٦ کە بریاربوو بکرێت. دەنیا نیم چەند ژمارەی لەدەرچوو ،بەناوی یەکەمین ژمارەی لە ٢١/٦/١٩٩٣ بڵاوکرایەوە. نووسەرەکانی (سەباح، ئەنوەر، کاژاو، عەبدولڕەحمان) دەستەی بڕەوبردنی دیاری نەکرابوو.

ڕێگای کرێکاران:

زمانحاڵی (یەکێتی کرێکاران لە کوردستان"فدراسیۆن") بوو، ئەم ڕێکخراوە لە ٨/٧/١٩٩٤ لەئەنجامی یەکگرتنی چەند ڕێکخراوێکی تری کرێکاران لەگەڵ یەکێتی بەکاران، ئەم ڕێکخراوەیە پێکهات. ژمارە ١-٢ی ڕێگای کرێکاران لە نۆڤەمبەری ١٩٩٤ بڵاو کرایەوە، بەو پێیەی ناوی دەستەی نووسەران نەنوسراوە دەنیا نیم لاپەڕەی دەستەی نووسەرانەکەی لە کە پێکهاتبوو، بەناوی سەرنووسەرەکەی کاک عەبدولڕەحمان مەولود بوو.

پرسیار: لایەنە بەهێز و لاوازەکانی پەیوەندییەکانی ئێوە لەگەڵ دەسەڵات، حیزبەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان چی بوون؟

وەڵام:
لە هاوکێشە سیاسییەکاندا ئێگەرخاوەن هێزبیت، لایەنی بڕانبەر ئامادەی دانیشتن و گفتوگۆکردنی هەیە لەگەڵت. کە هێزت نەبوو دەبێت ئاستێکی باڵا لە دبلۆماسیەت لە خۆت پیشان بدەیت. ئێو کاتێی هێزمان ڕوولەسەر بوو کەمێک دەرگا بەرومانداکرابوونەوە،چ وەک دەسەڵات ، یان حیزبێ نزیککەرەکانی بە دەسەڵات. ئێستاش لەو بروایەدام دەکرا سودی زیاتر لەو پەیوەندیانە وەربگرین، بەتایبەتیش بەو زمان و دونیابینیەی هەمان بوو، زۆر زوو وامان کرد دەرگاکان دابخرێن

بەرووماندا، بەشێک لە کێشەکانمان ئاوە بووە نە جێگاو و رێگای خەبات دەزانی لە نەوەندی سیاسی، نە زمانی گفتوو گۆو سیاسەتکردنمان گرانی بەسەردا دەهات،ئەوەندەی ببوینە کێلەی موفرداتە سیاسەکان ئەوەندە زمانمان نەکردبووە ئامرازێک بۆ چوونە پێشەوەی کارەکانمان.سەبارەت بە ریکخراوە جەماوەرییەکانیش بۆ شەویکی گشتی پەوەندەکانمان باش بوو، بۆ تایبەتی کەمێنەی ئاوارەکانی کورستان لە هەولێر کە لەسەر دەستی هاوڕیان شاپور عەبدولقادر و قابیل عادل تێیب ٢ و شوان داودی لە ساڵی ١٩٩١ دامەزرا. ئەم هاوڕیانە دەورو نەخشەکی زۆریان هەبوو لە ناساندنی ڕێکخراوەکەمان بۆ خەڵکانی ئاوارەو دەوڵەمەندکردنمان بۆ دەرس و تەجرەبەکانی خۆیان سەبارەت بە کاری ڕێخراوەی جەماوەری. دەتوانین بڵێین کەمێنەی ئاوارەکان یەکەمین ڕێکخراوەی جەماوەری سەربخۆ بوو لە کوردستان دروست بوو.

پرسیار: شەی ناوخۆ بۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکان خێری دایەوە، ئەی بۆ "یەکێتیی بێکاران" چۆن بوو؟

وەڵام:
شێ گرانەوەی کەمێگەیە بۆ خاڵی سفر، دابەشکردنی کەمێگەیە بەسەر بەرەکانی خێر و شەردا. لە شێدا بەشەرەکان حەوسەڵەی گوگرتنیان نییە، تورەو خەپەرست دەبن ، عەدالەت و عەدالەت خوازی دەبێتە مەقوڵەیەکی سواو بێناوەرێک. دوو شت دەتوانێت لەو سەردەمەدا جێگاو ێگات پتەوبکات لە ناو کەمێگەدا ،ئەویش چەک و پارەیە. ئەمە هیچ یەک لەوانەمان نەبوو. سەروەتی ئەمە قسەکردن و ئەو ئەتەریتەیە بوو کە لە ئاکامی کارەکانمانەوە لە کەمێگە پەیدامان کردبوو. خێر بۆ ئەمە ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی خەڵک بوو، ڕشنە لە شەردا ئەوانە نێک هەر لەدەست دەچن ، بەڵکوو بۆ چەند فرسەخیش کەمێگە لەو ئاسیە دوور دەکەوتەوە.

ئەمە لەکاتی شەی ناوخۆدا سەرباری لە دژ وەستانەوەی ئەو شەڕە بۆ نووسین و کەرو کەبوونەوەکانمان ، بۆ بەشداری لەگەڵ کەمێگەی ئاوارەکانی کوردستان، حزبی کەمۆنیستی کرێکاری عێراق، پارتی کاری سەربەخۆ، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ڕێکخراوەی تێکۆشان ، دوو خەپیشاندانی شکۆدارمان دژ بە شەری ناوخۆ بەرپا کرد لە شاری هەولێر .لە دووەم ڕۆژی خەپیشاندانەکە ،زیاتر لە پێنج هەزار خەڵک ئامادەبوون و بە شەوەکی زۆر مەدرنانە لای بنکەی بێکارانەوە دەستی پێکرد و بەناو بازاری شێخ ئەحمەدا تێپەڕی و لای کۆتری سڵام وەستا، بریار بوو هەر لەوێدا نوێنەری لایەنەکان قسە بۆ خەپیشاندەران

بکەن. پاش خوێندنەوەی ناوی لایەنەکانی بەشداربوو لە خێپیشاندانەکە لە لایەن لیژنەی بەڕێوەبردنی خێپیشاندانەکە، لە پێ خێپیشاندەران درایە بەر دەستێژی گولەی بیکەیسی و هەر لێوەدا دوو هاوڵاتی بە ناوەکانی (خالد خەلیل حەمەد ئەمین و حەمید حوسێن) گیانیان لە دەستدا و (ڕەفعەت ساڵح ، خزر سەفی مامەند ، جەوهەر ئەنوەر عەبدولجەبار، عومەر قاسم قادر ، مەعروف سوارە مەولود و جەوهەر جەعفەر حوسێن) بە تووندی بریندار بوون. بە مەژوش ئێوە دەڵێم هەر لێو کاتەدا کە خێپیشاندەران خەڵتانی خوێن کرابوون ، ڕادیۆی حزبی شیوعی لە هەولێر و لەسەر زمانی کاک کەریم ئەحمەدەوە خێپیشاندەرانیان بە ئاژاوەگێ لە قەڵەم دا.

پرسیار: لەناوچەی بادینان نەتان توانی کارێکی ئەوتێ بکەن! هێکارەکەی چی بوو؟

وەڵام:
بادینان بەتێ حەسارێکی شەرزاد حەسێن و پارتیش دەوری باوکێکە دەگێڕێت ، وەک چێن لە شۆنێکی ئێو ڕەمانەدا باوک دەڵێت (گوێ بگرن... بە دوا جار... لێرە لەم حەسارەی من، نە کوێ ژن دێنێ و نە کچ دەتوانێ شوو بکا، ئەوەی خێی بە کچی من دادەنێ دەبێ لەنێو تاریکی ژوورەکەشی دا حورمەتی خێی و من و ئەم حەسارە ڕابگرێت...)٣ نێ ئێوانەی پێش ئێمە توانیان کارێک لە دژەوەی بەرژەوەندێکانی پارتی بکەن لە ناوچەی بادینان، وێ نێ ئێوانەی دوای ئێمە. پاش هەوێ و تێکۆشانێکانی هاورێ " نەزیر عومەر"و کەمڵی هەسوراوی تر لە دژێری بادینان بە دروستکردنی ڕێکخراوەیێک بە بەکاران ،توانرا لێو بارەوێ بەیاننامەیێک دەربکەن بە ناوی " لیژنەی کاتی یەکێتی بەکارانی دهۆک" لە ٢٢/٥/١٩٩٣(بەیاننامەکێ بە زمانی عەرەبی بوو). ئێوێ بوو پاش ماوەیێکی کورت و لە ٢٥/٨/١٩٩٣ هاورێ نەزیر دەرفەندرێ و لە ٢٨/٨/١٩٩٣ تەرمەکەی لەسەر ڕێی سمێڵ زاخێ دەدەزرێتەوێ. بەیێ هیچ کارێکمان لێو بارەوێ نەچووێ پشەوێ لێو ناوچەیێ.

پرسیار: ئەو دەمە "یەکێتیی بەکاران" لەگەڵ مام جەلال کێبوونەوەیەکیان ساز کرد، ئەو کێبوونەوەیە لەسەر داوای کێ بوو؟ لەلایەن "ی. ب" کێ بوون ئەوانەی بەشداریییان تێدا کرد؟ ئایا بەشداریییەکە بە هەزامەندیی ڕابەرایەتیی ئەم ڕێکخراوە بوو؟ باسەکانی ئەو کێبوونەوەیە چی بوون؟

وەڵام:

یەکێتی بەکاران لە هەوڵی بەردەوامی خۆیدا بۆ لابردنی تەنگژەکانی پێش کاری ڕێکخراوەکە و چاککردن و باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی بەکاران، هەوڵی جەراو جەرمان دەخستە گر لەو بارەوە. ئەم نامەمان بۆ زەربەی کۆسایەتی و حزبە سیاسەکان ڕەوان کرد، وە زۆرکێش لەو لایەنانە لە ئاستی باڵادا دانیشتنیان لەگەڵ کردین. یەکێتی نیشتمانی پێش ئەو دانیشتنەی مام جەلال ئەمە چەندین دانیشتنی ترمان لە ئاستە جەراو جەرکاندا کردبوو لەگەڵیان. لەوەڕام بۆ نامەکەماندا مام جەلال وەڵامی دایندەو خۆی کاتێکی بۆ دیاریکردین. ئەم هاوڕیانە بەشداربوون لە دانیشتنەکەدا(حاجی ئەنوەر، عەبدولڕەحمان مەولود، ئەکرەم چاوشین، کاژاو جەمال و فەرەیدون حەمە ساڵح) قسەکانی مام جەلال بۆ شۆڕێکی تووند و یەکلایەنە لەسەر سەربەخۆبوونی یەکێتی بەکاران ببوو، ئەو پێیوابوو کە ئەم ڕێکخراوە سەبەخۆ نییەو سەربە کەمەنیزمی کرەکارییە. لە قسەیەکیدا وتبووی ئەگەر ئەو سەربەخۆبن من ئامادەم کەمەکتان بکەم تا ئەوەی چەکیشتان بدەمێ. لای هاوڕیانی ئەمەو زیاتر هەوەدرابوو دەخی قسەو باسەکان بۆلای بارو گوزەرانی بەکارانداا بروات، بەڵام مام جەلال کەمتر دەرفەتی بۆ هاوڕیانی ئەمە دابوو بۆ قسەکردن.

پرسیار: سەرەنجام ئەم ڕێکخراوە دوولەت بوو، هۆی دوولەتبوونەکەی چی بوو؟ ئایا کاریگەریی ئەو کێبوونەوەیە یان کاریگەریی عەبدوڵای موهتەدی و کەمەڵە بوو؟ وەیان نەخێر، ئەوانە سەربار بوون و خۆی لە خۆیدا زەمینەی دوولەتبوونی ئەو ڕێکخراوە فەراهەم بوو؟

وەڵام:
لە پرسیارەکەتدا، ئەو ناوو لایەنانەی وەک کاریگەری نەگەتیڤانە لەسەر ڕێکخراوەکە ناویانت ریز کردووە، دەبوایە ناوی حیزبی کەمەنیستی کرێکاریش لەو ریزەدا بووایە، چوونکە لە ڕاستیدا ئەوانیش تەرەفێکی کاریگەر بوون لەو کۆشەیە و قوڵکردنەوەی نێک چارەسەر کردنی. ئەوان تا مەنسووری حیکمەت ڕەخنەی تۆندی لە هاوڕیانی حککع نەگرت بەهۆی تەرفداریان بۆ بۆشک و دژایەتی بۆشکەی تر و بۆ ئایدیلۆژیکردنی کۆشکان، بۆ نەفەسکی درێژەو خەریکی قوڵکردنەوەی کۆشکان بوون.

دیارە بۆ دەنیاییەو دەڵێم ئەو خەتەی کە بەختی کەمەڵەی دەزانن خەتێکی زۆر لاوازبوو پێشم وانییە توانای ئەوەی هەبوایە بەکارانی سلێمانی دوولەت بکات، بەڵام دونیای سیاسەت وایە کاتێک خەت لە ئەزمەدا بیت دوژمنکەت هەرچەندە بچوکیشبێت ، تە گۆڕەی دەکەیت بۆ

ڕوابوونی شۆڕشگێت، لەوکۆشەیشدا هەروا کرا. بەشێک لە کادرەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران سێ هێڵی دیاریکرد لە ناو حیزبدا ئەمانیش سێ هێڵیان لە ناو "ی ب ک" دیاری کرد وەک (١- هێڵی کۆمۆنیزمی کرێکاری ٢- هێڵی ناوەند ٣- ناسیونال چەپ) ئیتر دەبوایە خەت یەکلابکرێتەوە، وەک ئەوەی کادرێکی باڵای حزبی بە منی وت (تا ئێستا تۆ لە بڕانبەر کۆشەی نەوان هێسوراواندا وەستییت دەبێت خەت یەکلا بکرێتەوە لەگەڵ کام تۆڕەفیت!).
کاریگەری کۆمۆنیزمی مام جەلال ئەوە بوو، کاتێ لە چاوپێکەوتنی برادەرانی ئەمە لەگەڵیدا ، ڕاستەوخۆ پێیوتبون کە ئەوە سەربەخۆیی کۆمۆنیزمی کارگەرین ، ئێگەر سەربەخۆبن من ئامادەم یارمەتیتان بکەم ، ئەو قسەیە بیانوویەکی زیاتری دایە دەستی بەشێک لە هێسوراوانی"ی ب ک" بۆ دژایەتیکردنی "حزبی"و قوڵکردنەوەی کۆشکان تا چوونە دەرەوەی بەشکیان لە یەکێتی بکارانی سلێمانی ٤ و دروستکردنی ڕێکخراوەیەکی تر بۆ ناوی : " ڕێکخراوەی بکاران".

بەڵام بۆ ئەی من هەموو ڕێکخراو و ئێرگانێکی سیاسی و جەماوەری، ئەو کاتەی لە پایە کۆمەڵایەتێکەی خۆی دادەبڕێت و پێشڕەوی ناکات لەکارەکانی و دەکەوێتە دەخێکی بەستێنکییەوە لە ڕووی پایەکۆمەڵایەتیکەیەوە، ئیتر دەکەوێتە وەزی یەکترو تاوانبارکردنی یەکتر بۆ تەماتی جەراو جەر. کۆشەو بێتجروبییەک لە مەر سەربەخۆبوون و ناسەربەخۆبوون و چۆنێتی میکانیزمی ڕێکخستنی ڕێکخراوەیەک بۆ بکاران و شێوەی کارکردنی لەگەڵ دەستاتدا یەخێ پێگرتبووین وای کردبوو لەشوێنکیتر و جیاوازتر لەو سەنگەڕی کە بریار بوو لەوێ شەربکەین خەریکی شەر بوین لەگەڵ یەکتر. ئەمە بەهەمان سوونەتی حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانییەوە خەریکی دابەشکردنی کۆمەڵگە بووین لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژییەت. ئەمە ساڵانێکی پێشتر لەگەڵ بوونی ڕای جیاواز و ململانێی فکریشەوە ، چوونکە لە حاڵەتی هێکشاندا بووین ، جیاوازە فکرێکان دەست و پێی نەدەگرتین و کەسیش بیری لە جیابونەوە نەدەکردەوە.

پرسیار: ئەو بەشەی کە جیابوونەوە "ڕێکخراوی بکاران"یان پێک هێنا. ئایا ئەم هاوڕێیانە تواناییان نموونەیەکی باشتر پیشان بدەن؟ وە سەرەنجام دەسکەوتێکی زێتر بۆ کرێکارانی بکار بەدەست بهێنن؟

وەڵام:
من زۆر ئاگاداری وردەکارییەکانی کاری ئەو ڕێکخراوەیە نەبووم ،

بەرنامەو وەک لێژنێک لەو دەنیام ئەگەر کارەکی باشتر و زیاتریان لە یەکێتیی بەکاران بکردبایە ئەوا لە ١/٩/١٩٩٥ بە دەرکردنیی بەیاننامەیەک ئیعلانی یەکگرتنەوە نەدەکرا لەگەڵ یەکێتی بەکاران لە کوردستان، واتە گرانەویان جارەکیتر بە ناو هەمان رێکخراوەی پێشوو.

پرسیار: سەرەنجام هەردووک ڕێکخراو پووکایەوە! بۆچی؟

وەڵام:
وەک وتم ئەو دوورەکخراوە لە ١/٩/١٩٩٥ یەکیانگرتنەوە .
ئەو واقیعەتە سیاسی و ئابوورییەی لەسەردەستی یەکێتی و پارتی لە کوردستان زاڵکراوە ، وەزیاتر لە دوو دەیە دەستیان بەسەر وردوو درشتیی سەرچاوە ئابوورییەکانی کەمەگەی کوردستاندا گرتووە ، بە بەرژەوەندی بنەماڵەیی و حیزبی خۆیان. کاردانەوەی کارەکانیان واقیعەتەکی نالەباری لەسەر زەمینەی کوردستان بەرهەم هێناوە ،بونی ئەو سیاسەتە نەخوازراوە وایکردووە کارکردن لەدەرەوەی بازنەی ئەو دوو حیزبە ئاسان نەبێت .یەکێتی بەکارانیش وەک دۆیان ڕێکخراو و ڕۆژنامە و گروپی تر کە بە هیواو ئومێدی دروستکردنی کەمەگەیەکیی تەندروست و یەکسان ، بە شەرو شۆڕەکی بە وێنەوە ،لەسەر ئەرکو ماندووبوونی خۆیان دەستیان دایەکار، کەچی دەسکەوتیان بەوپەڕی خوێن ساردییەوە مامەڵەیان دەکات ، سەرکوتیان دەکات یان پشتگوێیان دەخا. لەدەستەکی تریشەوە دۆیان ڕێکخراوەی بێناوەرەکی خۆی بە پارەو ئیمکاناتی بە تاڵانبراوی کەمەگە ، بە بەلاڕەدابردنی خاڵک قوت کردەتەوە.

پرسیار: دەرس و ئەزموونەکانتان بە بەکارانی ئێستا چین؟ ئایا پێت وایە، لە ئێستادا پێویستی ڕێکخراوەکی هاوشێوەی ئەو دەمە لەئارادایە؟

وەڵام:
من بەکورتی چەند خاڵێک سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت دەستنیشان دەکەم . پێم وایە خاڵگەلێکی گشتگیرو بنەڕەتین بە هەموو ڕێکخراوەیەکی جەماوەری فرە بەچوون و فکری جیاواز ئەم چەند خاڵە وەک بنەمایەک لەبەر چاوبگرێت لە پرسەی کارکردنیدا:
١- خۆپاراستن و خۆ دورگرتن لە ئایدیەلۆژیگەرایی لە کاری ڕێکخراوەکەدا.
٢- هەمیشە لە سەنگەی بەرژەوەندکانی ڕێکخراوەکەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەو ڕێگریەکانی بەردەم ڕێکخراوەکە بکرێت.

٣- بارنەکردنی ڕێکخراوەکە بە کارگەلێک کە ئەرکی ئەو نییە.
٤- پاراستنی بنەماکانی دیموکراسی لە بریارو هەڵبژاردنەکاندا.
٥- قبووڵکردنی ئەی جیاواز و گۆڕان بە دوایی خاڵی هاوبەشدا لە پێناو کاری باشتر و راگرتنی یەکگرتوویی ڕێکخراوەکەدا .
٦- ڕەگەزگرتن لە هەموو ڕێکخراوو لایەنێک لە دەخاڵەتکردن لە کاری ڕێکخراوەکەدا ،ئەوەش لە پێناو راگرتنی سەربەخۆی تەواوی ڕێکخراوەکە و لەبەر یەکنەترازانی.
سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت دەڵێم: بەو شێوازەی پێشومان نا ، بەڵام بە جیاواز لەو شێوە میکانیزمەی لە زهنیەتی ئەمەدا بوو بە کاری وەها ڕێکخراوێک. ئەمە ئەوکاتەی ی ب ک دروستکرد، بەتەجروبەییەکی زۆرمان هەبوو لەو مەیدانەدا، چوونکە ڕێکخراوەیەکی لەو شێوەیە بە بێکاران ئەزموونێکی زۆر نوێ بوو ، نەک هەر لە کوردستاندا بەڵکو لە ناوچەکەشدا بەگشتی. هەر وەهاکوردستان لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردابوو ، چ لە ڕووی سیاسییەوە وە چ لە ڕووی ئابوورییەوە.
کۆشێک لە دونیایی بیرکردنەوەی ئەمە هەبوو، وە تا ڕادەیەک ئەستاش بەردەوامی هەیە ئەویە، هەر ڕێکخراوەیەک دروست دەکەین ، جا ئەو ڕێکخراوە لەهەر بوارێکدا بێت زیاتر بارگاوی دەکرێت بە کاری سیاسی ، پێیوایە دەبێت لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵگە قسەی هەبێت وە گوتارەکانیشی هیچ جیاوازییەکی نابێت لەگەڵ حزبێکی سیاسیدا. بەڵێ ئەگەر ئەمرۆ ڕێکخراوەیەک بە بێکاران دروست بکەم لە کوردستان، ڕاستەوخۆ پشت بە ئەزموونی وەاتێکی وەک کۆنەدا یان هەر وەاتێکی تری ئەوروپا دەبەستم کە بیمە کۆمەڵایەتییەکان تەیدا جێگیرکراوە ، لەگەڵ چۆنییەتی کارکردنیان لەو بوارەدا . بوونی ڕێکخراوەیەک بە بێکاران تا ئەو کاتەی کار و سەرمایە لە ئارادایە، زۆرورەتێکی حەیاتییە بە کرێکاران و بێکاران . بێکار ئەوکاتەی بێکارە واتە کارێکی لەدەست داوە یان تازە بەدووای کاردا دەگەڕێت، لەهەردوو بارەکەدا پێویستی بە ئەرگانیزاسیۆنێک هەیە ڕووی لێبکات:
١- بەزانینی هەی لەدەست دانی کارەکەی.
٢- دەستنیشان کردنی تووانایییەکانی.
٣- ئاسانکاری لە چۆنییەتی گەران بە دووای کاردا.
ڕێکخراوێکی لەم چەشنەش ڕاستەوخۆ دەبێت پێیوەندی هەبێت بەدەوڵەتەوە، بە کار ئاسانی کاری ڕێکخراوەکە و پاپشتیکردنی لە بوارە جیاجیاکاندا، بە نمونە کرێکار بە ئەوەی بیمەی هەبێت دەبێت دەوڵەت بە یاسایەک هەموو بوارەکانی کارکردن ناچار بکات کۆمپانیایەکی دیاری کراو لە کرێی کرێکار بگرێتەوە بە سندوقی بێکاری کە ڕاستەوخۆ لە لایەن دەوڵەتەوە هەم پشتیوانی لێبکرێت و

هەم بەرەو ببرێت.

-_____

نەوزاد مەدحەت (گەران عەبدوڵا) لە ساڵی 1964 لە شاری کەرکوک لە دایک بووە. لەسەرەتای ساڵی 1980 دا دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و پاشان ئەندامی ڕێکخراوی ڕووتی کۆمۆنیست. یەکێک بووە لەو دەیان کۆمۆنیستەی کە "حککع"یان پێک هێناوە و لەساڵی 2002 دەستلەکار دەکێشێتەوە.
بەوانامەی دیپلۆمی لە (وێب پەیج دیزاین) هێناوەو لەساڵی (2002)وە ماڵپەڕی دەنگەکانی دامەزراندووە. ئەندام و دامەزرێنەری ڕێکخراوی پەیوەندی کوردی دژی جینۆسایدە. ئێستاش دانیشتووی شاری تەرەنتۆیە لە کەنەدا.

-_____

پەراوێز:

١-

لە ١١/١٢/١٩٩٢ یەکەمین کەبووەوی یەکێتی بەکارانی هەولێر لە قوتابخانەی ئیوبیەی سەرەتایی بەسترا

٢-

هاورێیان قابیل عادل تەیب و شاپور عەبدولقادر لە ٢٨/٤/١٩٩٩ لە ناو بنکەی یەکێتی بەکاران لە شاری هەولێر بەدەستی چەند چەکدارێکی ئیسلامی تووندرەو تیرۆرکران.

٣-

ڕۆمانی "حەسار و سەگەکانی باوکم" نووسینی : شەرزاد حەسەن

٤-

یەکێتی بەکاران لە کوردستان دوولەت نەبوو ، ئەوەی دوولەت بوو یەکێتی بەکارانی سلێمانی بوو. چوونکە لە ڕاستیدا ئەوکێشەیە بەو گەرموو گوریەی سلێمانی نەگێشتە هەولێر.

چاوپێکەوتن لەگەڵ نەم چەمسکی

سەبارەت بە بەهاری عەرەبی

لە ئەرشیڤەوە ...

نعم چۆمسکی تەمەن ٨٢ ساڵ، ناسراوترین بیرمەندی سەردەمی ئێمە، زمان زان و فەیلەسوف، ڕەخنەگرێکی تونند لە سیاسەتە دەرەکییەکانی ئەمریکاو ئابورێکی. سیدا نەرچ لە ٢٢-٦-٢٠١١ ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ سازداوە لە ژێر ناوی " ئەژئاوا لە دیموکراسیبوونی دونیای عەرەب دەترسێ"

ئامادەکردنی: Ceyda Nurtsch
وەرگێڕانی: گەران عەبدوڵا

پرسیار: بەڕێز چۆمسکی زۆر کەس پێیان وایە کە دونیای عەرەب نەگونجاوە بۆ دیموکراسیەت. پێت وانیە ڕووداوەکانی ئەم دووایییە ئەو بۆچوونەی پوچەڵ کردبێتەوە؟

چۆمسکی: ئەم بۆچوونانە هەر لەسەرەتاوە خاوەنی هیچ بنەمایەک نین. جیهانی عەرەبی و ئیسلامی مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لەگەڵ دیموکراسی، بەڵام ئەو هەوڵانەی لەمێژە دیموکراسییەوە دەکران، هەمیشە لەلایەن ئەژئاواوە لەبار دەبران. لەساڵی ١٩٥٨ لە عێراق شۆرش ڕوویدا، ئەمە دنیانین بەتەواوی ئەو شۆرشە بنیازی چیبوو، پەدەچی ڕووەو بنیاتنانی دیموکراسییەت هەنگاوی نابێ، بەیە ئەمریکا هەستا بە ڕەکخستنی کودەتا بەسەر شەهشەکدا. لەم بارەوە سەرەکی وەاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا " دوایت ئیزنهاوەر"لەو سەردەمدا لە گفتوگۆیەکی ناوخۆیدا باسی لەهەمەتەکی رق کرد دژبە ئەمریکا لە جیهانی عەرەبیدا، ئەمەش لە لایەن دەسەاتەوە بەناخرێ، بەکو راستەو خۆ لە لایەن خەکەوێ. لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوایەتی هەستا بە ئامادەکردنی یاداشتنامەیەک لەو بارەوە، دەتوانرێت ئەو یاداشتنامەیە لەسەر تێری ئینتەرنێت وەدەست بهێنرێت. ئەم یاداشتنامەیە باس لەوەدەکات و دەڵێ: هەستەک هەیە لە جیهانی عەرەبی کەوا ئەمریکا هەگەر لەبەرانبەر گۆشەکردن ودیموکراسیەت لە جیهانی عەرەبیدا، وەیارمەتی دەساەتە دیکتاتێرییەکان دەکات لە پێناو دەستگرتن بەسەر نەوتدا. یاداشتنامەکە دەڵێ ئەو هەستە ڕاستە، وەدەبێت ئەمریکا هەر ئەوکارە بکات.

پرسیار: ئەمە مانای وایە کەوا دیموکراسییەتی ئەژئاوا هەگرێ لە

پێش هاتنی کایەوەی دیموکراسیەت لە جیهانی عەرەبیدا؟

چۆمسکی: نامەوێ بچمە درێژەی باسەکەوە، بەڵام بەڵێ، هەک تا ڕادەیەک ئەمڕۆ ئەو کارەیان کردووە. بەردەوام شەرش هەبووە لە پێناوی دیموکراسیەتدا، بەتایبەتیش لە سەردەمی دیکتاتۆرەکانەوە کە بەهرەمەندن لە پاڵپشتیەکانی ئەمە بە یارمەتی ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا بە شێوەیەکی سەرەکی. بە دڵنیاییەوە دیموکراسیەت نابێت کاتێک تە هەموو وەڕان کردبێت . بەهەمان شێوە ئەتوانی هەمان بڕچوون بەڵێت سەبارەت بە ئەمریکای لاتین خاوەنی زنجیرەیەک لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری مرۆڤ کوژو درندە. تا ئەو شوێنەی ئەمریکا باڵادەستی هەیە بەسەر ناوچەکەدا، پێش ئەویش ئەوروپا، کەواتە دیموکراسیەت بنیات نانرێت، لەبەر ئەوەی دژەوخێنرێت.

پرسیار: کەواتە بەهاری عەرەبی بەڵای تۆو جگای سەرسورمان نەبوو؟

چۆمسکی: لەڕاستیدا پێشبینیم نەدەکرد، بەڵام پاشخانەکی دوورودرێژی هەیە. با میسر وەربگرین. ئەو گەنجانەی دەستیان دایە ڕەکخستنی شەرش لە ٢٥ی جانیوەری ناویان لە خە نا بزووتنەوەی ٦ی ئاپرێ ، هەیەک هەیە بە ئەو ناوە. ئاپرێڵی ٦ ساڵی ٢٠٠٨بریار بوو گرنگترین و گەورەترین بزووتنەوەی کرێکاری لە کارگەی رستن و چنینی مەحەڵای میسر بەڵێ بخرێت، کە گەورەترین ناوەندی پیشەسازییە، بەمانگرتن و خۆپیشاندان لەسەراسەری وڵاتدا پشتیوانی لێکرا، کەچی بەتوندترین شێوە لەلایەن دەسەڵاتەوە سەرکوتکرا. ئەمە لە ڕاستیدا ئەم کارانە نابنە جگای سەرنجمان تا ئەو شوێنەی دەسەڵات توانای کۆنترۆڵی جەماوەری هەیە، کەواتە ئەو کارانە هیچ پێوەندییەکی بە ئەمەوە نییە لە ڕاستیدا! بەڵام میسرێکان ئەمە لە بیر ناکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەقڵیەکە لەو زنجیرە خباتە بەردەوامیان کە لە بشکیاندا سەرکەوتنیان تیایدا بەدەست هێناوە. چۆمسکی "Joel Beinen " لە زانکۆی ستانفەردی ئەمریکییە، کەمێک کاری لە بارەی بزووتنەوەی کرێکاری میسرەوە ئەنجام داوە،وە کەمێک وتاریشی لەو بارەوە هەیە کە لە کۆن و نوێیەکانیدا باس لەوەدەکات کە کرێکارانی میسر خەبات بە دیموکراسیەت دەکەن.

پرسیار: جەرج بشی پێش ئەباما لەبارەی سیاستەکانیەوە بانگەشەی ڕووخاندنی دیکتاتۆرەکانی دەکرد لە ڕێگەی تیۆری ناوەڕاست و بە دەمینۆ ئەفێکت "domino effect " * ناوی دەبرد و بە ڕێگەیەکی نوێ و ئازادی ناو زەدە دەکرد. پێت وایە هیچ پێوەندییەک هەیە لە

نەوان سیاسەتکانی جۆرج بۆش و هەوداوەکانی ئێستادا؟

چەمسکی: لەگەڵ استیدا بابەتی سەرەکی لە مێژووی شەڕی ساردا بابەتی دەمینە ئەفەکت بوو بۆ : کوبا، بۆرازیل، ڤێتنام... هێنری کیسنجەر ئاوڕی بۆ ڤایرەس شوبهاندو پێیوابوو دەکرێ تێشنەبکات. کاتێک کیسنجەر و نیکسۆن پلانی هەوخاندنی "ئەلەندە" ** یاندا کە بۆشاوێکی دیموکراتیانە لە شیلی هەبژێردرابوو-(لەئێستادا ئەمە هەموو ئاو بەگەنامانەمان لەبەردەستدایە) کیسنجەر بۆ شاوێکی تایبەت وتی، دەکرێت ئەم ڤایرەسەی شیلی وەاتانی ترو تەنانەت ئەوروپاش بگرێتەوە. لەگەڵ استیدا خۆی و برجنێف ئازیبووون لەسەر ئاوە، وە هەردوکیان لە دیموکراسی دەترسان. کیسنجەر وتی دەبێ ئەم ڤایرەسە ئابماڵین. ئەوکارەشیان کردوو تێکیان شکاند.
ئەمەش هەروا، بۆش و ئۆباما تەقیون لە بەهاری عەرەبی. هەیەکی ژیرانەشیان هەیە بۆ ئەو ترسە، ئەوان دیموکراسیان ناوێ لە دونیایی عەرەب. ئەگەر بڕچوونی جەماوەری عەرەب کاریگەری هەبێت لەسەر دەسەڵاتی سیاسی، ئەوە ئەمریکاو بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتدا تووە هەڕەشەدرێنە دەرەوە، هەر بۆیە تەقیون لە بونی دیموکراسییەت لە ناوچەکەدا.

پرسیار: ڕۆژنامەنووسی ناسراوی بەریتانی" ڕۆبرت فیسک" لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، لەم دووایانەدا رایگەیاند کەوا ئۆباما و سیاسەتکانی هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕووداوەکان نەبووە...

چەمسکی: ئەوبابەتەم خوێندەوە، بابەتێکی زۆرباشبوو. ڕۆبرت فیسک ڕۆژنامەوانێکی بە سەلیقەیە و زۆر باش شارەزای ناوچەکەیە. پەموایە مەبەستی لە چالاکوانەکانی ٦ی ئاپرڵ کە بەتەواوی گوێ بە وەاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نادەن و پشتیان لێکردووە. ئەوان دەزانن وەاتە یەکگرتووەکان دوژمنی ئەوانن. لە ڕاپرسییەکدا لە ٩٠%ی خەڵکی میسر پێیان وایە کە ئەمریکا خراپترین هەڕەشەیە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لەم چەوار چێوەیدا ئەمە مانای وانییە وەاتە یەکگرتووەکان کاریگەری نەبێت، چوونکە خاوەنی هەزێکی گەورەیە.

پرسیار: ڕۆخنەیەک هەیە سەبارەت بە ڕۆشنبیرانی عەرەب کە زۆر بەدەنگ و خەپارەزن. ڕۆشنبیری عەرەب دەبێت چ ڕۆڵێک بگێڕن لەمەدا؟
چەمسکی: ڕۆشنبیران بەرپرسیارێتیەکی تایبەتیان هەیە. ئەمە پێیان دەڵێین ڕۆشنبیر چوونکە ئەمان جیاوازن نێک لەبەر ئاوەی زیرەکترن لە کەسانی تر، بەڵکو خاوەن پایەو توانایەکی تایبەتن بۆیە بەرپرسیارێتیەکی زیاتریان دەکەوێتە سەرشان. ئەمە بە ڕۆشنبیرانی

دونیای عەرەب و هەموو شوێنکی تریش هەروایە.
-_____

پەراوێز:

* "domino effect" بە زمانی ئینگلیزی دەمێنە ئەفێکت واتا کاریگەری دەمێنە بە "تیۆری دەمێنە" ش دەناسرێت و ناوی دەهێنرێت، دەستەواژەیەکی زانستی سیاسییە و لە هەمانکاتدا زاراوەیەکی سیاسیشە کە لە سالانی پەنجاکانەوە هەتاوەکو کۆتایی هەشتاکان ناوی دەهێنرا واتە لەسەردەمی شەری سارددا. ئەم زاراوە سیاسییە زۆرتر لەبەرانبەر هەژموونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا بەکار دەبرا، بۆتایبەت لەو سەردەمەدا دەسەڵاتی کۆمۆنیستی لە جیهاندا رووڵەگەشبوو. بەپێ سیاسەتمەدارانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا پێیان وابوو ئەگەر هیچ لەمە نەگیرێت ئەوا وەک کەوتنی پووڵی دەمێنە وڵاتەکانی دونیا دەروخێن و دەسەڵاتی کۆمۆنیستی جێگایان دەگرێتەوە. (وەرگێر)
** "ئەڵێند" سلڤادۆر ئەڵێند یەکەمین کەسی مارکسی بوو بەشێوەیەکی دیموکراسیانە لە مارسی ۱۹۷۳ لە وڵاتی شیلی لە ئەمریکای لاتین لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا و لە کودەتایەکی سەربازیدا بە پشتیوانی ئەمریکا لە ۱۹۷۳-۹-۱۱ کوژرا. (وەرگێر)

سەرچاوە:
qantara.de
ئەم بابەتە لە ژمارە 5 ی گۆڤاری کەنسپت بڵاو بۆتەوە.

گفتوگۆ لەگەڵ "یاسمین مازڕ"* سەبارەت بە بارودۆخی ژنەهاتی ناوەڕاست

لە ئەرشیڤەوە.....

ئامادەکردنی: ڕۆژ ئەحمەد و گۆران عەبدوڵا

پرسیار: ئێوە هەکارانە چین کە وایانکرد ئەمڕۆ ئیسلامیزم وەک باشترین ئێستراتیژی سیاسی قبووبکرێت لەلایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە؟

یاسمین: قبووڵکردنەکە بە چەند هەکارێکی ڕوون دەگەڕێتەوە ، پارتە چەپ و ڕادیکاڵەکان سکولارو نوێخوازەکان زۆر زیاتر و بە ماوەیەکی دوورودرێژتر چەوسێنراونەتەوە و سەرکوتکراون لە لایەن دەسەڵاتدیکتاتۆرە جۆربەجۆرەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستەوە. بەڵاستی زۆر زیاتر لە ئیسلامیەکان بڕبەستیان هاتۆتە بەردەم لە ئایندەوەدا، جونکە ئیسلامیەکان هەمیشە توانیویانە بەردەوام بن لە چالاکی سیاسی و فراوانکردنی تۆڕی پەیوەندیەکانیان، ئەمە لەکاتێکدا بیانووی ئایینی و خۆشاردنەوەیان لە مزگەت و لانا حوجرەکاندا. دوای ئۆپۆش ئیسلامیەکان لەلایەن چەندین گۆڕە بازرگانی دەوڵەمەندەوە پاڵپشتیان لەکراوە، وەک کەمپانیا مۆزنەکانی نەوت لە وڵاتانی کەنداو ، ئەمش وایکردووە یارمەتییەکی ئابووری خەیاڵی و لە ژمارە نەهاتوویان لەبەردەستدابێت، بە پروپاگەندەکردن لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا. سەرباری ئەمانەش لە ئایندەوەدا هەڕەزە ئیمپریالیستەکانی جیهان هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان لەگەڵ ئیسلامیەکاندا هەبووە و هەوڵی هەشتنەوەی ئێو پەیوەندییان داوە و لەکاتی پێویستدا لە دژی هەڕەزە سۆسیالیست و سکولارەکانی ناوچەکە بەکاریان هێناون. هەروەها چونکە زۆربەی دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک بن عەڵی و موبارەک کە خەڵکێک زۆر لێیان دەبووەوە، وەبە سکولار یان نیمچە-سکولار ناسرابوون، هێنووکە زۆر سانا توانییان خەڵک بەوە قەناعەت پێ بهێنن کە بە حساب ئێوە سکولاریزم و دیموکراسی عەلمانییەکانە بەرپرسە لە بەدبووندەوەی هەژاری و نەداری و نایەکسانی لە ناوچەکەدا. ئیسلامیەکان بە بنبڕکردنی ئێو کەشانەش لە ناو خەڵکدا مژدە و پەیمانی گەیاندنەوە دەدەن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی ‘ئیسلام’کە بگومان مژدەیەکی ناڕاست و هەڵەیە. لەلایەکی دیکەوە، دەکرێت ئەم باڵفروانییەی ئیسلامیزمی ئەستا زۆر زیاتر شیبکەینەوە و تێبگەیین، ئەگەر تەماشای گۆشەسەندنی سەرمایەداریش بکەین لە ناوچەکەدا و چۆن ئێو دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەی درووست کردووە لە نێوان خەڵکی ناوچە شارییەکان و خەڵکی لادێ و شارۆچکەکاندا. ئەوەی دووەم چەوساوەترن، مەبەستم خەڵکی لادێ و شارۆچکەکانە کە لە هەمانکاتدا بەشدارن لە بەرهەمهێنانی سەرمایە، بەو جووتیارانەشەوە کە تازە بوونەتە شاریی

و لە رەخی شارەکان نیشتەجێن و لە ناو خانووی قوڕ و کڵاوەکاندا لە تەنیشت بینای تازە سەرمایەدارەکانەوە ژیان بەسەر دەبەن. لە ڕاستیدا، ئەمانە زۆر بەباشترو چێوساوەترن لە چینی کرێکاری شارەکە. هەروەها چونکە شەکۆ نوێیەکانی ئەم کەمپانیایانەی تەژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ گۆشەی سەرمایەداریدا هاتوون و تەکەڵە ژئاوایین، دانیشتوانی ئەم چینە هەژارەش کە لە چینی کرێکار هەژارترە و چێوساوەترن ئیرەیی چیانیەتیان هەیە، ئەمان ئیرەییەکیان لە دەسەڵاتی بەرامبەر ئەو چینە کەمایەتیەی وەاتەکۆشیان کە بەتەواژئاوایی" بە شەکۆ و کڵوپەڵە نوێکان کە لە بازاڕی سەرمایەی گەورەبالەی ئەمەریکا وەدەست هاتووە. لەم نوێندەدا و لە بەرامبەر ئەوەی چارەسەر بە ئەم ئیرەییە بدۆزنەوە، مزگەوتەکان و هەزە ئاینییەکان لەسەرەکی زۆر شێتان ئاسا دەگەڕن بەوەی دژمن ئەم هەستە دەگەڕن بە کینەیەکی توندڕەوانە لە هەموو شەکڵێک کە مۆدێرن و شاری و شارستانیە. بزووتنەوە ئیسلامەکان هەوڵدەستن بە بانگەشەی بەدیلی ئیسلامی بە ئەو بارودۆخە، واتە گەڕاندنەوە بە ١٤ سەدە لەمەوپێش ، کە لە روانگەی ئایینییەوە هەژاران و چەوساوەکان هەڵەکی زۆر و چانسکی زۆرتریان لە دنیای ئەستایان هەیە بەوەی کە بگەڕنە بەهەشت و لە چەوساندنەوە ڕزگاریان بێت. بە دنیایشەوە لەو وەاتانەی کە ئیسلام دەسەڵاتی سیاسی تیادا گرتووە وەکو ئێران ، دەرکەوتووە کە فەرمانڕەوایی بە یاسای شەریعەت هیچ یەکسانیەک درووست ناکات و بە پێچەوانەوە هەژاری و نەبوونی زیاد دەکەن و جیاوازی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندەکانیش زۆر بەرفراوانتر دەبێت. لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامیەکاندا گەندەڵی و هەڵخەڵتاندنی کەمەگەش زۆرجاران زۆر زیاترە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕژمەی پێشتر لە سەر دەسەڵات بووە لەو وەاتانەدا.

پرسیار: سەندیکا کرێکارییەکان شەڕشی میسریان بەرپاکرد و ئیخوان موسلمینیش شەڕشەکەی بەخۆی برد. باشە ئەمە بە ڕوویدا، واقیعیەتی کەمەگەی میسری بوو چێپی کرد؟ یان کێشی سیاسی لە میسری دوای موبارەک، دەستی ڕژئاوای تیا بوو و کە وایکرد هەلومەرجەکان لە قازانجی هاتنەمەیدانی سیاسەتی نوخوازانە نەبن؟

یاسمین : لە میدیای باوەڕ زۆر کەم گوێت لەو هەوا دەبێت دەربارەی کرێکارانی میسر و ڕۆڵی بزووتنەوەی کرێکاری میسر، بەڵام ڕاستیش، بەهەی نەبوونی ئازادیە سیاسیەکانەوە و ئەو کێشە ئابووریانەی دووچاری وەاتەکە بێتەوە چینی کرێکاری میسری لە گەڕپانی سیاسی میسریدا ڕۆڵێکی دیاری نەبوو، بەڵام ڕاستەوخو

لەگەڵ ڕووخانی موبارەک لە میسر زنجیرەیەک مانگرتن نمایشی توانایی سیاسی چینی کرێکاری میسریان کرد. لە هەموویان بەناوبانگتر و دیارتر، مانگرتنی گشتی مانگی ٩ ی ساڵی ٢٠١١ بوو، کە بەتەواوەتی حکومەت و ئەنجوومەنی سەربازی میسری ئیفلیج کرد و هەندێک پێیان وایە کە ئەو مانگرتنە، "ڕێگای کردەوە بە کەشمەکەشکانی مانگی نۆڤەمبەر" لە میسر. بەپێ قسەکانی کەمال عەباس، سەرۆکی سەندیکا کرێکارییەکان و ڕێکخراوی خزمەتگوزارییە کرێکارییەکان لە میسر، " هەنووکە کەس ناپرسێت ئەڕێ ئەو کێیە ماندەگرێت، لە میسر پرس ئەوەیە کە ماناگرێت؟". مانگی ٤یش شۆڕشێک مانگرتنی بەخەوە بینی، یەکێک لەوانە مانگرتنەکەی کرێکارانی کەمپانیای دووریەنی (شبین القوم) بوو لە باکوری قاهیرەی پایتەختی میسر ، کە خاوەن و ئیدارەی بەڕێوەبردنی کەمپانیاکە هەڵە سەبازییەکانی بانگەشتکرد بە شکاندنی مانگرتنەکەو بەسەر کرێکارەکاندا دەستڕێژیان کرد تا بەاویان پێبکەن و هیچی مانگرتنەکەیان پێبشکێنن. سەربازەکان دەیانترساندن بەوەی کە دەستگیریان دەکەن گەر مانگرتنەکەیان کۆتای پێنەهێنن. کرێکارەکانی ئەو کەمپانیایە بە ماوەی ٣٥ ڕۆژ کارگەکەیان داگیرکرد و لەناویدا دانیشتن وەک نارەزایەتی دەربڕین لە دژی فەرمانی دەرکردنیان لە کار. هەر لە هەمان مانگدا شۆڕشی مانگرتنەکان ئەوەندە بەربڵاوبوو کاریگەریان کردە سەر بەڕێوەبردنی کەناڵی سوێس. ئەو شۆڕشانەی دیکەش کە مانگرتن و ڕاگرتنەدەرەوە و دەسەڵگرتنی جەماوەری کرێکارانی بەخەوە بینیوە لە ١٢ مانگی ڕابردوودا: کرێکارانی بنکەی گازی شارەوانی ناوچەی دەلتا بوون، فەرمانبەرانی ناو وەزارەتی هاوکاری کەمەڵایەتی بوون لە شاری خەڵکا، فەرمانبەرانی وەزارەتی باج ، فەرمانبەرانی ئیداری لە ئۆفیسەکانی وەزارەتی داد، مامۆستایان، کرێکارانی ڕێستن و چنین لە ئاسوێت هەروەها شۆفێری شەمەندەفەرەکان ، لیستی ناوەکان هەتابێت درێژ دەبێتەوە. هەموو ئەو مانگرتنانەش تێکەڵ لەسەر موچەی مانگانە و کەشە ئابووریەکانی دیکە بوون و، حکومەتە نوێکەی میسریش بە سەرکردایەتی ئیسلامییەکان هیچ لە توانایدا نییە بتوانێت وەڵام بەو کەشانە بداتەوە و چارەسەریان بکات و ئابووری ئەو وڵاتە بەرزبکاتەوە، بۆیە بگومانم لەوەی کە ساڵی ٢٠١٢ بەردەوامی ئەو مانگرتنانە بەخەوە دەبینێت.

پرسیار: گرتنە دەستی دەسەاتی سیاسی لەلایەن هەڵە ئیسلامییە سیاسییەکانەوە تاچەندە کاریگەریان دەبێت لەسەر مافەکانی ژنان و و ئازادییە مەدەنییەکانی خەڵکی ناوچەکە؟

یاسمین: پەموایە نابێت ئەو هەڕەشەیە بکرێن کە هەموو ئەحزابە ئیسلامییەکان بەیەکچاو تەماشا بکرێن. ئەگەر قسە لە سەر پارتە ئیسلامییەکانی ئیخوان موسلمین و
حزبی نورە لە میسر بێت، ئەوە کاریگەری نەگەتیڤیان دەبێت لەسەر مافی ئازادییەکانی خەڵك بە گشتی و ژنانیش بە تایبەتی. وەلە لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەم حیزبانە تادێت بە ئاسپایی بەڕەو دنیاییەوە پێوەندیان باشتر و تووندتر دەبێت لەگەڵ هێزە سەربازییە نوخبییەکان و وەاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەکو ئەمە پێشبینیمان کرد، ئەم هێزانە بە پێچەوانەی هەموو داخوازیەکانی شەرشەوە ڕەفتار دەکەن و هەنگاو دەنێن. ئاخر ئیخوان موسلمین و حزبی نور بایکۆتی ئەو خۆپیشاندانانەی کە تایی مانگی ١٢ی پار ساڵیان کرد، کە لە دژی دەسەاتی سەربازی لە قاهیرە بەڕەوە دەچوون، تەنانەت یەکێك لە نوێنەری ژنانی حزبی ئازادی و عەدالەت لە دژی ئەو خۆپیشاندانە یەك ملیۆنیەی ژنانەدا لە دژی دەسەاتی سەربازی گوتی ئەو خۆپیشاندەرانە "هەزی دەرکی" یارمەتی داون و هانی داون خۆپیشاندان بکەن، ئەوان ڕاستەوخۆ پاپشتی دەسەاتی سەربازییان کرد، بەڵام لەهەمانکاتتدا، بە پێچەوانەی ئەوانەوە، حزبی ئیلوەسەت کە حزبکی میانەوە چووە ناو خۆپیشاندانەکانی گەڵپانی تەحریرەوە و ڕاستەوخۆ بەشداری کرد لە خۆپیشاندانەکەدا و پاپشتی داواکانی ژنانی میسری کرد. لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا، حیزبوڵا نەك هەر بایکۆتی خۆپیشاندانی ژنانی دەکرد، بەڵکو بەوەوە نەدەوەستان و هەرشیان دەکردە سەر خۆپیشاندانەکان و بە زنجیر دەکەوتنە گیانی ژنان.

پرسیار: باشە ئەمە زۆرێك پێیان وایە کە ئەمجارەیان ئەمریکا و هێزە سیاسییەکانی وەاتانی ڕۆژئاوا بە دەستێوەردانی سەرقاڵی بەرژەاگرتنی "دیموکراسی"ین لە ڕۆژهەاتی ناوڕاستدا، بە بەچوونی ئەوە مژووی ئەمریکاو سەرقاڵ بوونی بە "دیموکراسی" لە مژووی ناوچەکەدا چیمان پێ دەڵێن؟

یاسمین: ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە گشتی پاپشتی تەواوەتیان کردووە لە هەموو دیکتاتۆرەکانی خۆرهەاتی ناوڕاست هەتا دوا ساتی ڕووخانیان. شای ئێران لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیری دەکرا هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی ئێرانی بەجێهێشت. لە میسریش بەهەمانشێوە، موبارەك هەتاوەکو هەفتەیەك بەر لە ڕووخانی لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیری لەدەکرا، ئەو کاتەش کە ڕووخێندرا، ئەمریکا تەئکیدی لەوە دەکردەوە کە پاپشتی خۆی لە موبارەك کەمناکاتەوە هەتاوەکو یارمەتی کرد

هێز سەربازییەکان و ئۆفسەرە باڵاکانی هەمان دەسەڵات دەستی سیاسی بگرنە دەست لە لە میسر، ئەو دەسەڵاتی هێنووکە زۆرینەی میسرییەکان رکیان لە دەبێتەوە. ئەمریکا و ڕۆژئاوا تەنها یارمەتی ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانە دەدەن کە لە دژی ئەو دیکتاتۆرانەن کە زۆر گوێایەڵی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نین، وەکو قەزافی ، ئەسەد و خامەنەیی . نابێت لە بیریشمان بچێت هەر هێنەکەوتنێک کە ئەم دیکتاتۆرانە هەیانە لەگەڵ ئەمریکادا پەیوەندی بە دژە-ئیمپریالیزمەوە نییە، با ئەو هەڵوێشە نەکەین.
بە بەڵای من هەر کەسێک لە سەر کاریگەری ئەو خەیاڵپڵاوییدایە کە ئەوە باسی دەکەن، پێویستە و دەبێت بگەڕێتەوە بە دووبارە خوێندنەوەی مێژووی هێنەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، کە هەمیشە پاڵپشتی تەواوەتی هێزە ئیسلامییە سیاسییەکانیان کردووە و ئێستاش لەو سیاسەتیان هەر بەردەوامن لە ناوچەکەدا و هەمیشەش وەک تاکە دەستی باوەڕپێکراویان تەماشای ئیسلامییە سیاسییەکان دەکەن. ئاینترین دەوڵەتی ناوچەکە شانشینی عەرەبی سعودییە لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی کەنداو، کەچی ئەمریکا بانگەشەی "دیموکراسیکردن" ناکات لەو وڵاتانەدا، دواجار کە بوو پاڵپشتی ئیخوان موسلمینی کرد، هەر ئەمرکیا بوو، یان کە بوو یارمەتیدا حکومەتی شیعەی چەلەبی و جەعفەری و مالیکی بێنە سەر دەسەڵات لە عێراق، بگومان هەر ئەمریکا بوو.

پرسیار: چ جۆرە لێکچونێک دەبینین لە نێوان ئێرانی ساڵی ۱۹۷۹ و میسر و تونسی ئێستادا؟

یاسمین: بە دڵنیاییەوە کەمێک لێکچون هەیە، لەهەمانکاتدا جیاوازیش هەن. لە وێنەی پرسیاری یەکەمدا چەند لایەنێکم وەڵامداوەتەوە لەسەر فراوانبوونی دەسەڵاتی ئیسلامیزم، وە ئەوە ڕاستە لێکچوونێکی ئێستایە لەگەڵ ئێرانی ساڵی ۱۹۷۹ و ڕاست وەکو یەکن. بە نموونە ئەوەی زۆر لێکدەچێ ئەوەیە کە لە غیابی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێری کرێکاران شۆڕشکێ ڕفێنەراوە و لایەن هێزە تونددڕەوکانەوە ئاراستە دەکرێت. هێشتا من پێموایە لە میسرو تونس ئێشتاش زووە بۆ ئەوەی کە پێشبینی تەواوەتی بکەین بۆ داهاتوو، چونکە مانگرتن و خۆپیشاندانەکان لە بەردەوامیدان. دەربارەی تونس نازانم، بەڵام میسر چینێکی کرێکاری بەهێز و توکمەی هەیە و بزووتنەوەی خۆپیشاندانەکانی لاوانیش لە تێکەشان ڕاناوەستن.

پرسیار: وەاتانی کەنداوی عەرەبی ئێستا پاڵپشتی خەیان دەربڕیوە بە

ئەزموونی خەباتی ئیسلامیەکان لە سووریا ، کەچی لە بەرامبەر، خەباتی ئیسلامیەکان لە وڵاتە عەرەبیەکانی دیکەدا هیچ هاوستەکیان نەبوو. چی وایکردووە ئەم وڵاتانە هێندە پگیەکی سیاسی ناتەبایان هەبێت لەسەر ئەو هاوداوانەی لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە و ڕووددەن؟

یاسمین: پێش هەموو شتێک لە کتێبەکانی زانستی جوگرافیادا کەنداوی فارسیە نەک کەنداوی عەرەبی . هەکارگەلێکی زۆر هەن بۆ وڵاتانی کەنداو پشتگیری لە خەباتەرانی سووریا بکەن لەبەرئەوەی سووریا لەسەر "لیستی ڕەشە" و ئەو لیستەیە کە دەمەکە ڕەتیان کردەتەوە. سووریا زیاتر لە ئێرانەوە نزیکە، وڵاتانی کەنداویش دەمەکە جەنگێکی بانگەوازنەکراویان هەیە لەگەڵ سووریا، جەنگێک کە بۆ هەزی سەهەم بەرپایان کردووە لە دژی یەکتری و زیاتریش پەیوەندی بە پێکدادانی جیاوازییەکانی سوونە و شیعەوەیە.

پرسیار: دوای ئەم شڕشانە داهاتووی ناوچەکە چۆن دەبینیت بە کەمە ئایمیی و نەتەوەییەکان، وەک قبتییەکان لە میسر و کوردەکان لە سووریا؟

یاسمین: پێم وانییە قبتییەکان پێویست بکات لە هیچ بترسن، لەبەرئەوەی خێکی میسر بە گشتی دژیان نین، بە هەواداڕانی پارتە ئیسلامیەکانیشەوە، ئەوە هەزەکانی ئاسایش بوون کە لە ئابردووەدا خوازیار بوون کیشە بنەنەوە لە ڕگای کوشتنی قبتییەکان لە ڕێی دەستێڕکردن بەناو خەپیشاندانەکانیاندا. بە سووریاش، پێم وا نیە هەنووکە کورد و مەسیحیەکان لە سووریا مافێکی ئەوتۆیان هەبێت لە ژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، بەڵام بە بەچوونی من مافەکانیان زۆر زیاتر لە زەوتدەکرێت و بوونیشیان زۆر زیاتر لە مەترسیدا دەبێت، گەر حزبە تووندڕەوە تووندە ئیسلامییەکان دەسەڵات بگرنە دەست لە سووریا ، ئەوانەی کە وڵاتانی کەنداو پشتگیریان ئەستا لەدەکەن.

پرسیار: ئەی ڕووخاندنی ئەسەد لە سووریا تاچەند کاریگەری دەکاتە سەر ئەو پگە بەهەزەی ئێران لە ناوچەکەدا هەیەتی، وە چۆن کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر بزووتنەوە سیاسییە شیعەکانی دیکەی ناوچەکە، بەنموونە حیزبوڵڵا لە وڵاتی لوبنان؟

یاسمین: حیزبوڵڵا لە لوبنان لە ساڵی ٢٠٠٩ وە هەوڵی ئەوە دەدات خۆی لە ئێران بە دوور بگرێت، بۆشکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بە ئەوەی کە سەرکردایەتی حیزبوڵڵا لەگەڵ باڵی ڕیفەرمخوازی ئێرانیدا ڕێکن

وەک (موسڵمان و خاتەمی و کەروبی)، هەروەها کەشی خۆشیان هەیە لەگەڵ حکومەتی ئیستای ئێراندا. بە سووریاش ، هیچ گومانێکی تیادا نییە کە تا ئێستا وەک تاکە دەستی ئێران لە ناوچەکەدا ماوەتەوە ، بەیەکەوخانی کاریگەری زۆر دەکاتە سەر پێگەی ئێران هەروەکو پشتیوانی باسم کرد، ئێستا زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی پاپشتیکردنی وەاتانی کەنداو و سعودیە بە خۆپیشاندەرانی سووریا لە دژی ئەسەد، وەک ئەو جەنگە بانگەوازنەکراوە دەبینین کە ئەمریکا و وەاتانی کەنداو لە دژی ئێران بەرپایان کردووە.

پرسیار: هەستی دژە-ئەمریکایی لە دنیای عەرەبیدا بەگشتی نوێیست بوو، کەچی لە لیبیا داوایان لە ئەمریکاو هەڵگانی ناتۆ کرد تا بچنە وەاتەکەیان و یارمەتیان بدەن بۆ سەروژێرکردنی ڕژێمەکەیان. ئێستا لە سووریاش هەڵگانی ئۆپۆزسیۆن و ئاپۆیوان داوای ئەو "یارمەتییە" دەکەن لە ناتۆ و ئەمریکا. چی ئەم هاوکێشە سیاسییەی دنیای عەرەبی وا خەرا گەی؟

یاسمین: هیچ شتێک نەگۆڕاوە، قسە لەسەر دوو سیناریۆی زۆر جیاوازە لە ئاستیدا، ئۆپۆزسیۆن بوون بەرامبەر دیکتاتۆری دەندە و سەرکوتگەر کە لە هەمانکاتدا هاوپەیمانی ئەمریکان جیاوازە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێک لە دژی ئەو وەاتانە کە سەربەخۆترن لە بریارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، وەک قەزافی و ئەسەد، بۆیە لە ئاستیدا هاوکێشەکە وەکوخۆیەتی و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە.

پرسیار: زۆرێک لە چەپەکان لە وەاتانی ڕۆژاوا دژی بەشداریکردنی ناتۆ بوون لە لیبیا و بەگشتی لەڕووی ناڕەزایەتی جەماوەری دژی جەنگەوە ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان پیشاندا. لەڕەدا دەپرسین ئەگەر هەمان سیناریۆی شەرشگێرانە سەراسەری ئێران بگرێتەوە و هەمان داواکاری لایەن خەڵکەوە خۆی دووبارە بکاتەوە ، بە نموونە ئێرانییەکان داوای یارمەتی و بەشداری ناتۆ بکەن، پێتوانیە ئیدی چەپ لە ڕۆژاوا پۆیستە بۆخۆیاندا بچنەوەو دووبارە بیرەك بکەنەوە لەم پەگەی بناو "دژە-ئیمپریالیزم"ە . چونکە ئەگەر لەکاتکی ئاوادا دژی بەشداری ناتۆ بن، ئەم پەگەیە دژی بەچوونی خەڵکە و بەگومان قوربانیە مرۆیەکانیش بەئاژمار دەبن، وانییە؟

یاسمین: خۆی ئەم باسە لە ئێرانەوە دەستی پێکردووە و بەدنیایشەوە زۆر کەسی خۆیاوی هەن کە بەوایان بەم بەچونە شتانیە هەیە و پەداگری لەسەر ئەم بیرکە پوچانە دەکەنەوە. بەڵام پۆیستە چەند بابەتکیان بیرخەینەوە:

ئەو خەباتانەی لە هەژماتی ناڕاستدا ڕووددەن تەنها دژی دیکتاتۆری نین، بەڵکو بەشێکی زۆری دەگەڵتەوە بە ناڕەکسانی و کێشە ئابووریەکان و یاسا ئابووریە وەرانکەریەکانی لیبراڵیزمی نوێ، بێکاری فراوان و ئەو جیاکاریە گەورەیە کە لە نێوان هەژاران و خوداپەداوانـدا درووستی کـردووە، وە لەم ڕوانگەیەوە کەماری ئیسلامی ئێران و سوریای ئەسەد و موبارەک هیچ جیاوازییەکیان نییە. ئەمانە هەموویان دەرئەنجامی کەمەك بە ناو "چاکسازی" و گەڵانکاری ئابووری بوون کە لایەن (سندوقی دراوی جیهانی) (IMF) و (بانکی مەرکەزی) پشنیارکرابوون و بە ئەو وڵاتانە دیاریکران. دیکتاتۆریەت تەنها پەیوستەکی سیاسیە بە ڕاگرتنی ئەو سیستەمە ناعەدالەتە ئابووریە. بانگکردنی ناتۆ بۆ گۆڕینی کەماری ئیسلامی ئێران دووبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆی وەرانکەرە کە لە عێراق بینیمان، گۆڕینی کەمەك دیکتاتۆر بە کەمەك دیکتاتۆری دیکە. ئێران زۆر خوازیاری ئەوەیە کە هەرشی سەربازی بکرێتە سەر و جەنگی سەربازی بکات، ئەمە وەک پلانێک بۆ مانەوەی خۆی، کەماری ئیسلامی ئێران هەر جوڵانەوەیەکی لەوشەوەیە بۆگەرمی بۆخەرهاتن دەکات، چونکە لە قازانجی مانەوەیدایە. بەڵام بۆ هەرحاڵ، دوای شۆرشە ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ و زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە دیکتاتۆری ئیسلامی، زۆر زۆر کەمن ئەو ئێرانیانەی ئەمە باوەڕبکەن بە تەوانینەکی هێندە گەمژانە. بە داخەوە، ئەوە زۆرێک لە ڕۆکخراوە کوردیەکانی ئێرانن ئەو باوەڕیان هەیە، چونکە هەموو قورسایەکی خەیان لەدەستداوە لەبەرامبەر ئەمریکا، کە زیاتر بەهەی قبووڵکردنی یارمەتی دارایەوەیە لە تاڵەبانی، کە دیسانەوە دەبێت بڵێن "سوپاس بۆ ئەمریکا" کە ئەویش هاتۆ سەر حکوم.

---

* **یاسەمین مازەر** بەگەز خۆکی ئێرانە و ئێستا نیشتەجێی ئەوروپایە . سەرکی بەشی خوێندنی زانستەکانی تیەر و بزووتنەوە سۆسیالیستەکانە لە زانکۆی گلاسگۆ لە سکۆتلەند . سەرنووسەری گۆڤاری Critique (کریتیک)ە لە بەریتانیا ، کە گۆڤارێکی ڕۆخنەیی فیکری سۆسیالیستیە و لەگەڵ چەند پرۆفیسەرێکی دیکەی مارکسیستی بەریتانی سەرپەرشتی بەناوکردنەوەی دەکەن. لە پاڵ کاری ڕۆژنامەگەری ئەکادیمیدا، نووسەرێکی دیاری دژە- جەنگ و لەسەر "پیشەسازی و سیاسەت و مێژوو" چەندین کتێب و گوتاری ئەکادیمی بەناوکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ نووسەرانی بەریتانیدا . دوای هەرشکانی یازدەی سێپتەمبەر و درووستبوونی ئەو ترسەی کە ئەمریکا بچێتە ئێران لە دوای داگیرکاری ئەفگانیستان و عێراق، یاسەمین ڕۆکخراوی

دژ- جەنگی پێکهێنا بە ناوی "دەست لە خەڵکی ئێران هەڵگرن" Hands Off The people Of Iran . ئەمە هەندێك لە ئەندام پەرلەمانە چەپەکانی وڵاتی بەریتانیا پشتگیری ئەو کەمپینەی دەکەن، هەروەها چەند کەسایەتیەکی ناودارو دیاری بواری میدیایی جیهانیش وەک نۆم چۆمسکی و ڕۆژنامەنووس ژان پیجەر وکەن لەچ کەدرهێنەری سینەمای بەریتانیەو و براوەی خەڵاتی کانێ هاوپشتی فەرمی خۆیان بە ئەو ڕەکخراوە دژە – جەنگە دووپاتکردەتەوە. یاسەمین نووسەرەکی بەردەوامی هەفتەنامەی ویکلی ورکەریشە "Weekly Worker"، کە لە لەندەن دەردەچێت .

لە ژمارە 5ی گەڵاری کەنسەپت بڵاوکراوەتەوە.

گفتووگۆی دەنگەکان لەگەڵ نووسەرو ڕۆشنبیر هێندرەن سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیاو بەکرێگیراوانی بە سەر ڕۆژئاوای کوردستان

دەنگەکان: پاش سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ ڕوسیا و گفتوگۆیەنی هەڵوێستی تورکیا لەبەرانبەر ڕژێمی سوریا و قسەکردن لەسەر هاوپەیمانی لەگەڵ ئەراندا، نیگەرانییەکی قوڵی لای خەڵکی کورد درووستکرد بەتایبەتی لە کوردستانی باشورسەبارت بە چارەنووسی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد لەڕۆژ ئاوا. ئەوە ئەم سیاسەت گۆڕینەی تورکیا و ئەم نیگەرانییە چۆن لەکەدەڕێت؟

هەندرەن: خێرا دەزانی لەو هەفتەیەدا چ لە مەدیایەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا و چ لە مەدیایە عەرەبییەکاندا،(هەبەت لە میدیایە خۆشەکانی باشووردا، وەک هەمیشە، ئەو هەوڵانە بە کرچ و کاڵی کاوەژ دەکرێنەوە) ، زۆر ڕاڤە و ڕاپۆرتی جیاواز سەبارەت بە گۆڕینی

هەوڵستی تورکیا لەبەرانبەر رووسیا و ئێران و سوریادا، بۆاوکراونەتەوە، بەڵام، گەرەکە لە لای هەر کوردێک، ئەگەر سەر و دڵی بە قەد چڵەکەیەکیش بێت، ئەوەی بێ روون بێت، کە تورکیا، دوای ئەوەی کە بە هۆی ئەو سیاسەتە دژەیییەی کە لە ئاستی ناوەخێ و دەرەوەدا پەیڕەوی دەکرد، نەک هەر بەوە نەیتوانی رێگە لە سەرکەوتنی کورد لە رۆژئاڤا بگرێت، بەڵکە لەناو تورکیاشدا تووشی داتەپین بوو.
بۆیە دوای ئەو سەرکەوتنانەی یەپەگە لە منبەج و پشتگیری هاوپەیمانەکان لە پەیەدە، حکومەتی ئاکاپە، ئێردۆغان بۆجگە لە خواردنی ئەو ژەهرە، واتە مل شۆڕکردن و دەستەودامێنی رووسیا و ئێران و ئەسەدبوون، هیچ رێگەیەکی تری بێ نەمایەوە.
کەواتە پەنابردنی تورکیا بۆ ئەو زەلیلییە، لە داخی سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی بزاڤی کورد بوو لە رۆژئاڤا. تورکیاش، جا ئێردۆغان حکومی بکات یان حیزبێکی تر، بۆ رێگە گرتن لە سەرکەوتنی کورد لە رۆژئاڤا و بە تایبەتیی و بە گشتیی بەشەکانی تریش، ئامادەیە هەرچی کاری گەوادیی و سووکایەتییە لە دەوڵاتانی دەروبەر و دونیا قبووڵی بکات. لێرەدا پێویستە ناکا جەوهەری دەوڵەتی تورکیای فاشی شیبکەینەوە، بەمجۆرە ئەو هەوڵست گۆڕینەی تورکیا نە مەتەڵە و نە سەیر و سەمەرەشە.
لە سەبارەت بە نیگەرانی کوردی باشوور، کە کۆمیدیا و تراژیدییەکە لێرەدا دەستپێدەکەن، پەیوەندی بەو عەقڵییەتە خۆایەتییەوە هەیە کە چ لە رابردو و چ لە هەنووکەشدا قەدەری کۆمەڵگە و بزووتنەوە سیاسییەکانی بەسەر دەبات.
گەرەکە ئەوە بێ هەموو کەسێک روون بێت، کە بە هۆی ئەوەی لە بزووتنەوەی سیاسیی و رۆشنبیریی کوردییدا بە گشتیی، مەبەستم لە تاکەکەس نییە، عەقڵی خۆ ئاراستەی کردووە، کە ئەمەش ئاشکرایە، چونکە تا هەنووکەش کۆمەڵگەی کوردستانی باشوور خۆەکییە و بزوتنەوەی سیاسیی و رۆشنبیرییشی هەمیشە لەسەر بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و ئابووریییەکانی خێ بیری کردۆتەوە، بۆیە وەک چۆن لەناو کۆمەڵگەدا مرۆڤی کورد چارەنووسی ژیانی خۆی بە سەرێک خۆ و کەسە بەهێزەکاندا بەستراوەتەوە، بە هەمان شێوەش تا هەنووکەش بزووتنەوەی سیاسیی لە باشوور هەمیشە چارەنووسی خۆی بە ئەمەریکا و زلهێزە دەرەکییەکاندا بەستاوەتەوە. ئەمەش مەتەڵ نییە، بەڵکە رەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی خێمە. تشتێکی روونە کۆمەڵگەیەک عەقڵی خۆل و نەریتی باو و قەزا و قەدەر حکومی بکات، نە خاوەن عەقڵی ئازاد و بزێک دەبێت و نە پشت بە وزەی مرۆڤی خۆشی دەبەستێت، بەڵکە هەمیشە چاوەڕێی هیزی سەرووی

خەیەتی، چونکە لە کەمەگەی خۆ و نەریتسالاردا، ئەوە هوشیاریی و ئیرادەی تاکەکەسەکان نین بڕیار دەدەن، بەڵکە ئەوە هێزی دەرەوەی مرۆڤە بڕیار لەسەر ژیان و داهاتووی مرۆڤەکانی ئەو کەمەگەیە دەدات.
ئەوەی باسی دەکەین، نە تیۆرییەکی تازەیە و نە لێکدانەوەیەکی نەزانراو، بەڵکە راستییە. بۆیە، ویۆای کرانەوەی کەمەگەی باشوور بەسەر دونیا و گۆانکارییەکانی، بە ئابووریبوونی ژیانیشی، وۆای بوونی ئەو هەموو پسپۆ، چاودێری سیاسیی، لەشکرێک لە رۆژنامەنووس و فەیلەسووفەشی کە لە ژماردن بەدەرن، بەڵام چونکە ئەو دیاردە ئابووریی تەکنیکییە، واتە ماددییە، ۆ کولتووری لەگەڵ نەبوو، واتە لایەنی مەعنەویی لەگەڵ نەبوو، بۆیەڵ سیستەمی بیرکردنەوە و عەقڵی نەگۆی تەنیا رووی دەرەکیی، مادە و مادڵی رووکەشی گۆی. بەمجۆرە کە خەڵک و چینی سیاسیی و رۆشنبیر تەنگاو تەنگەتاو دەبن، هیچێک لەو دیاردە رووکەشە ماددیی و مەعنەویانەی کە هاتوونەتە ناو ژیانییەوە، نابنە روانگە بۆ بینینی خۆی و رووداوە و گۆانکارییەکانی دونیا. هەر بۆیە لە کەمەگەی باشووردا کە تشتێک لە دۆخی کورد یان دونیا روودەدات، پەنا دەباتەوە بەر هێزی دەرەکیی، ئەمەریکیی، بۆ نموونە لە کاتی هێرشی داعش بۆ شنگال و مەخموور. هەروەک لە بەردەم ئەو تەنگژانەی کە ئێستا مرۆڤی کورد لە باشوور هەیەتی، هەمیشە بەوە سڵبووری خۆی دەداتەوە، کە ئەوە قەدەری ئێمەیە و خودا بۆ نووسیوین، بۆیە ئەو تەنگژانەی خۆی خستۆتە دەست بڕیاری خودا. لە کاتێکدا سەدەترین پەیامی دینیش نازانێ کە دەڵێ، "لە تۆ حەرەکەت، لەمنیش بەرەکەت"!
لە روانگەیەوە خەڵکی سیاسیی و فەیلەسووفەکانی باشووری کوردستان، ناتوانن لەوە تێبگەن، کە بزووتنەوەی باکوور و رۆژئاڤا، جا هەرێەک لە ئێمە دەست یان دژی پەکەکە و پەیەدە/هەپەگە و یەپەگە بین، پێویستە ئەوە بزانین، کە ئەوان نەریتێکی نوێیان لە سیاسەتکردن بەرهەمهێناوە، ئەمەش، بۆ هەر یەک لە ئێمە، خراپ یان چاک بێت، بۆ هەموو دونیاش رووندە، ئەویش ئەوەیە بڕوایان بە عەقڵ و توانای مرۆڤ، خۆیانەوە هەیە نەک دەرەوەی عەقڵ و هێزە دەرەکییەکان. ئەمە راستییەکە بەگە و زۆری گوتنی ناوێت.
لە بیرکردنەوەی بزاڤی باکوور و رۆژئاڤادا، نابێت هیچ تشتێک مەحاڵ بێت، هەروەک دەبێت ئەو بزاڤەی ئەوان پشت بە ئیرادەی خەڵک و خۆیانەوە ببەستێت. بۆیە هەپەگە و یەپەگە، بە پێچەوانەی تەواوی بزووتنەوەی سیاسیی و حیزبەکانی باشوور و رۆژهەاتیش، نە کوردایەتی نەریتییە و نە لە داکۆکیکردن لە سنووری کوردستان یان سنووری بەشێکی کوردستاندا دەگیرسێنەوە، بەڵکە بۆ یەکەم جارە

بزاقی کورد، هێزی سیاسیی کورد، هێرش بۆ دەڤەر و سنووری دەرەوەی کوردستان بکەن. بۆ نموونە، سەرنجی گرتنی منبەج و حسەکە و … لە لایەن یەپەگەوە بدیرکردنەوە و ئیرادەی یەپەگە و هەپەگە/ پەیەدە و پەکەکەشەۆ، تورکیا تووشی دەستەوداماێنی پۆتین و ئەسەد و ئەیاتۆایەکان کرد.
دواجار ئەوەی دەبێ بگوترێت، گریمان بەرژەوەندی هاوبەشی ئەو هێزانە دەگاتە ئەو رادەیەی کە گەلەکەمەکیی لەسەر رژێئاقا بکەن، بەمەش رەنگە یەپەگە/پەیەدە، تووشی زیان و گەمارۆدانێکی سەخت بێت، بەڵام، ئەوەندەی من لە جەوهەری یەپەگە، پەیەدە و پەکەکە گەیشتبم، مەحاڵە، وەک نووسەر و سیاسیی و رۆژنامەنووس و فەیلەسووفانی باشوور و رۆژهەڵات پێیان وایە، وەک ئەزموونە سیاسییە یەک لە دوای یەکەکانی باشوور، پایدۆزی لە خەبات بکەن و دەستەوەستاو دانیشن تا قەدەر و قودرەتی ئەمەریکا یان هێزێکی تری دەرەکیی بەهانایانەوە بێت. نەخێر، دەبێ تێبگەین، ئۆردۆغان هەرچی هێزی رق و کینەی مێژووی تورکیای هەیە کە لە بەرانبەر بە کورد کەی کردوونەتەوە، ناتوانێ نە پایە و هێزی یەپەگە لە ئێستا و داهاتووی سوریا پەراویز بخا و نە دەشتوانێ بەو عول عولیی و گەلحێییەی خێیەوە، ئاشتبەتاێ بە پەکەکە بکا، چونکە ئەوانە خاوەن ئیرادەی عەقڵیی مرۆڤیی و نەریت رووخێنن.
بە کورتی بزاقی سیاسیی باکوور و رۆژئاقا، دەستپێکی مێژوویەکی نوێن؛ مێژوویەک ئەزموونی رابردووی کوردیی، کە لەسەر هێزی دەرەکیی دەژیا، بەجێهێشتووە و خەریکی تەمارکردنی ئەزموونێکی نوێیە. ئەمە راستییەکە، لە جیاتی ئەوەی بە عەقلی نەریتیی و خەێکییەوە سەیری بکەین، گەرەکە ئەگەر سوودیشی لێوەرنەگرین، بەڵام تێیبگەین.

دەنگەکان: بڕای ئێوە فاکتەری سەرکی چوونی ئۆردۆغان بۆ وسیاو دانیشتنەکانی لۆگێ ئەراندابێ تەنها بۆ وەستانەوەیێ لە بەرانبەر پشێوییەکانی یەپەگەو یەپەژەن لە کوردستانی ڕۆژ ئاوا؟ ئەی پێتان وانییە ئەمە وەرقەیەکی فشار بێت بۆ سەر ئەمریکا و ئەوروپا کە کەمتر گوێگری سیاسەتەکانی تورکیا بوون سەبارەت بە بارو دۆخی سوریا؟

هێندرێن: راستە ئۆردۆغان دواجار ئەو خواستەی کە هەیبوو لە لایەن ئەمەریکا و ئەوڕوپاوە پشتگیری لێ نەکرا، کە بریتی بوو لەوەی پەیەدە وەک تێرۆریست بناسێنن و پشتگیریی لە دروستکردنی زونێک

بەناوی ئاردوگا بۆ پەنابەرانی سوریا بکەن، کە ئەمەریکا و ئەورووپاش دەیانزانی بۆ دژایەتی سەرکەوتنەکانی کورد لە ڕۆژئاڤا و هەروا یارمەتیدانی داعشە بۆ هێرشکردنە سەر کورد.
خێت دەزانی، تورکیا دەمکە دەزانێت کە ئەمەریکا و ئەوروپا وەڵامی خواستەکانی نادەنەوە، بەڵام تورکیا دەیویست بە ڕێگەی فشاری پەنابەرانی سوریا و یارمەتیدانی داعش بە دژی کورد، مەترسی کورد لە خۆی دووربخاتەوە.
بەڵام لەوەش گرینگتر، ئاردۆغان دوای ئەو کودەتا و زیادبوونی هێرشەکانی پەکەکە بۆ سەر سوپای تورکیا لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە، گرتنی منبەج و پلانی یەپەگە لەگەڵ ئەمەریکا بۆ گرنتەوەی ڕەقە و ئەو سەرکەوتنە سەربازیی و پشتیوانییە بەرچاوانەی ئەمەریکا و ئەوروپا بۆ یەپەگە، کە ئەمانەش بەیەکەوە گرێدانی کانتۆنی عفرین و جەزیرە و کۆنترۆڵکردنی سنووری نێوان تورکیا و سوریای نزیکردەوە، ئاردۆغانی تووشی هێستریا، چاو تاریکبوون کرد، بۆیە بۆ ئەوەی ئەو بتوانێ وەهمی بەهێزیی و خەلافەتیی ڕژێمەکەی نیشانبدات، کە دوای کودەتا و پەراوێزبوونی لە لایەن ئەمەریکا و ئەوروپاوە تێکشکان، ناچار بوو ڕووبکاتەوە ڕووسیا و ئێران و سووریا، چونکە ئەو وا تێدەگا ئەگەر لەگەڵ ڕووسیا و ئێران و ئەسەد ئاشت بێتەوە، ئەوا دەتوانێت بە پشتیوانی ئەوانەوە هەم هێزی یەپەگە تێکبشکێنێ و هەمیش ئەمەریکا و ئەوروپاش ناچار بکات چیتر پشتیگری کورد نەکەن و پشتیگیری ئەو بکەن.
بەڵێ، ئاردۆغان، وەک بەردەوامییەک لە مێژووی دەوڵەتی تورکیا و بوونی لە ناتۆدا، بواری هەبژاردنی مانۆی سیاسیی و سەربازی زۆر لە بەردەمدایە، بۆیە دەیەوێ ئەو وەهمی خەلافەتیی و بەهێزی دەوڵەتی تورکییە بەدەست بێنێتەوە، کە خەریکبوو تەواو لاواز دەبێت. وەڵای ئەمەش، 27/8 یەلدرم، وەزیری دەرەوەی تووررکیا لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ جۆن بایدندا بە ئاشکرا گوتی تورکیا لە سوریادا حەساسییەتی بە دوو بابەت لە سوریا هەیە ئەوانیش، یەک پارچەیی خاکی سوریا و بوونی سەربەخۆیی هیچ ئێتنیکێک، کە مەبەستی کوردە. چونکە سەربەخۆیی و هەر دەستکەوتێک کە کورد هەیبێت، مەترسییە بۆ دەوڵەت-نەتەوەی تورکیا.
کەواتە لە بنەڕەتدا تێکچوونی پەیوەندی تورکیا لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپادا، هۆکاری کوردی ڕۆژئاڤا بووە، بۆیە ئاشتبوونەوەی ئاردۆغان لەگەڵ ڕووسیا و ئێران و سووریا، لە پێناو ڕێگەگرتنە لەو مەترسییەی کە ئەو هەستی پێدەکا، ئەویش بەهێزبوونی پایەی کوردە لە سووریا، کە دەزانێت ئەو بەهێزبوونەی کورد لە ڕۆژئاڤادا، کوردستانی باکووری بە تەواوی لە دەست دەچێت. لەوەش بترازێ،

تورکیا دەیویست بە ڕێگەی داعشەوە کورد لە ڕۆژئاڤادا بشکێنێ، بەڵام زانی ئەو خەونەشی نەهاتەدی، ئیتر ناچاربوو لەگەڵ ئەو وڵاتانە ئاشت بیتەوە.

دەنگەکان: ئەمڕۆ تورکیا بەهاشکاوی و مەیدانی دەستی بە هێرشکانی خۆی کوردووە بە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەپەگە و یەپەژە، بەڵای ئەوە ئەم هێرشانە تاکوە بە دێکات و ئایا خەڵکی ڕۆژ ئاوای کورستان بە هەمان هێناسەی شەڕی داعشەوە شەڕی تورکیا دەکەن؟ ئەی بەرەی ئازادیخواز لە ئەورووپا و ئەمریکا هەڵوێستیان چی دەبێت؟ قسەیەکیش هەیە دەڵێن لایەنی کوردیش هەیە بەشدارە لە هێرشکانی تورکیادا، ئەی بە ئەمە دەڵێن چی؟

هێندرێن: پێشتر گوتمان ئامانجی سەرەکی لەو کەین و بەینانەی کە لەگەڵ ڕووسیا و ئێران و ئەسەد و ئەمەریکاش، هێرشکردنە بە سەر کورد لە ڕۆژئاڤادا، چونکە، ئەگەرچی ئێدرۆغان دەیەوێ وا نیشانبدات کە هێرشی بە جەرابلوس بە دژی داعشە، بەڵام ئەوە ڕاستییەکە نییە، ڕاستییەکە ئەوەیە داعش بەشێکە لە سەربازی ئاکاپە، بۆیە هێرشی تورکیا بە ڕێگەی ئەو هێزە داعش ئاسایەی کە ئێردۆغان بەناوی سوپای ئازاد سازی کردوون، بۆ سەر جەرابلوس، ڕێگەگرتنە لەو پرۆژەی یەپەگە، کە بەستانەوەی کانتۆنەکان و پچڕاندنی پەیوەندی داعشە لەگەڵ تورکیادا. تورکیا کە بینی یەپەگە سەرکەوتنەکانی یەپەگە خەریکە ئامانج دەپێکێ، بۆیە تورکیا بە گرتنی جەرابلوس، کە گرتنێکی کۆمیدیی بوو، چونکە داعش بێ چەلکرد. ڕاستییەکەش ئەوەیە داعش بوو بە بەشێک لەو سوپای ئازاد و ئاکەپەیە، تا بە یەکەوە دژی یەپەگە بوەستنەوە
من وەک گوتم، یەپەگە و خەڵکی ڕۆژئاڤا وەک چۆن بە ڕووی داعش بوونەتەوە، بە گوتر و بۆرانەتر بە بە ڕووی سوپای تورکیا بەناو سوپای ئازاد دەبنەوە. وەک بینیمان، خەڵکی کۆبانێ چۆن بە منداڵ و پیرەوە هاتنە پێش سوپای تورکیا. بۆیە، بە ڕای من، تورکیا گوایە هاتووە ئەو مەردەزمەیە، واتە سەربەخۆیی ڕۆژئاڤا و یەپەگە تێکبشکێنێ، بەڵام لە دواجاردا تووشی ڕووبەڕووبوونەوەیەک دەبێتەوە کە بە ئاسانی لێیدەرباز نابێت، یان کورد واتەنی، بە ڕیش چووە، سمێیشی لەسەر دادەنێت، چونکە لە لایەک یەپەگە خاوەن هێزکی گەورەی ئەزموونداری شەڕە و دوای ئەو هەموو ساڵەش، خاوەن چەکی قۆناس و پێشکەوتووە، هەروەک خاوەن هێزکی جەماوەریشە. ڕاستە بە هۆی ناهاوسەنگی سەربازیی لە نێوان یەپەگە و سوپای تورکیادا، ڕەنگە یەپەگە و خەڵک زیانی بەربکەوێت، بەڵام تورکیا ناتوانێ لە

میردەزمەی یەپەگە رزگاری بێت. من وای دەبینم، سوپای تورکیا لەناو تورکیا و لە رۆژئاڤادا تووشی هەرشی سەختی یەپەگە و هەپەگە ببێتەوە، لە ئەوەپاشدا ناەزایی و خۆنیشاندانی کورد رۆکبخرێن. لە لایەکی تریشەوە کاتێکو و رووسیا زانییان ئەو هەرشەی تورکیا بۆ سەر داعش نییە، بەڵکە بە دژی کوردە، ناتوانن بێدەنگ بن. هەر ئەمڕۆ، 30.8، ئەمەریکا و ناوەندە سیاسییەکانی وەک فەرەنسا، راستەوخۆ تورکیایان لەوە ئاگادار کردەوە، کە ئەوان بەوە رازی نین تورکیا هێرش بکاتە سەر کورد. بەرەی ئازادیخواز و ناوەندە سیاسییەکانی ئەوروپا و ئەمەریکاش دەزانن کە ئەوەی بە راستی شەڕی داعش دەکا، یەپەگەیە و دەمێکیشە دەزانن تورکیا دەستی لەگەڵ داعش هەیە، بۆیە بۆوا ناکەم پشتگیری تورکیا بۆ لێدانی یەپەگە بکەن. هەر ئەمڕۆ بینیم، ئەو ئەمەریکییانەی کە هاتبوونە ریزەکانی یەپەگە، گەڕاونەتەوە ئەمەریکا و خۆنیشاندانیان ساز کردبوو دژی سیاسەتی ئەمەریکا لە پشتگیریکردنی تورکیادا. دواجار بەو کارە تورکیا دەکەوێتە دۆخێک کە خۆزگە بە نەهاتنی بخوازێت.
بەڵام گەرەکە یەپەگە کارتی خۆی لەگەڵ ئەمەریکا و رووسیا بەکار بهێنێت، ئەگەر ئەمەریکا و رووسیا بە ئاشکرا دژی تورکیا نەوەستنەوە، لە گرتنی رەقەدا بەشداری نەکەن، چونکە، ئەگەر تورکیا وەک جەرابلوس لە ژێرەوە لەگەڵ داعش رێکنەکەوێت، واتە داعش تورکیای چۆڵ نەکا ، ئەمەریکا بە بێ یەپەگە ناتوانێ داعش لە رەقە دەربکات.
سەبارەت بە لایەنی کوردی لە بەشداریکردنی لەگەڵ سوپای تورکیادا، ئەوە راستە، دیارە کە ئەو هێزە کوردییانەی کە بە قەد تورک و داعش دژی یەپەگەن، ئامادەن ببن بە کۆیلە و غولامی خەلیفە ئەردۆغان و سیخوڕ و بەکرێگیراوی بەناو سوپای ئازادی سوریا، ئەو لایەنە کوردییانە بەشێکیان لە بنەڕەتدا بەکرێگیراوی ئەردۆغانن و بەشێکیشیان سەر بە ئەنەکەسەن.
هەرچەند ئەردۆغان و حکومەتەکەی هاوکات لەگەڵ هێرشکردنە سەر جەرابلوس و رۆژئاڤادا بە ئاشکرا رایگەیاندووە، کە دژی فیدرالیی و سەربەخۆیی کوردن لە سوریا و عێراقیش، کەچی ئەنەکەسە و لایەنەکانی تری کوردە مورتەزەقەکان ئامادەن ئەو کەواسوورییە بۆ ئەردۆغان بکەن.
خۆتان دەزانن، یەلدرم زۆر بە ئاشکرایی باسی هاکاری بانگهێشتکردنەکەی کاک مەسعوود بارزانی کرد، کەڵ بە کورتی گوتی ئەو هاوکاریمان دەکا لە گرتنی سنووری نێوان باشوور و رۆژئاڤا و لێدانی یەپەگەدا. ئەو قسانەی یەلدرمی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەیدا سەبارەت بەو دیدارەیان لەگەڵ کاک

مەسعوددا، بابەتێک نییە لەکدانەوەی زۆری بوێت، رووون و ئاشکرا مەبەستی لەدانی یەپەگە بوو.
راستییەکەی خەونی ئۆردۆغان ئەوەیە، بە لای کەمییەوە کۆبانێ و ئەو شوێنە سنووریانە بگرێت و بۆ فریودانی رای گشتی جیهان و ناوچەکەش، ئەو مورتەزەقە کوردانە لەوێ دابنێ، بەو شێوەیە دەیەوێ ئەو نیشانبدات کە تورکیا دژی کورد نییە، بەڵکە دژی یەپەگەیە کە تێرۆریستن و سەر بە پەکەکەن. بەڵام ئەو کوردانەی کە تورکیا وەک کۆیلە بۆ دژی یەپەگە بەکاریان دەهێنێت، بۆجگە لە کۆیلایەتی هیچ دەستکەوتێکی دیکە لە ئۆردۆغان نابینن.

Aug 28,2016